# خەونە ئاڵۆز و نابەوەختەكانی

## عومەری ئیلخانیزادە

عومــەری ئیلخــانیزادە لــە رابــەرانی ســازمانی زەحمەتکیشــان، لــە درێــژەی تەبلیغاتیکی بیبایخ کە بە دوای کوتایی سەرکەوتوانەی کونگرەی دەهەم لە دژی کۆمەڵە وەرییان خستوە لە وتوویـژێك لەگەڵ رۆژنامەی تایم کە لە کوردستانی عیراق دەردەچی، دەستی داوەتە چەواشە کاری و، کۆمەلیك ئیدعای ناراستی هێناوەتە گوری کە بۆ روون کردنەوەی راستییەکان نووسینی چەند دێرێك پیویستە. ئەم وت و وێژە لە دوو ژمارەی 30 و 31ی رۆژنامەی تایم چاپ کراوە.

## 1) ناوی کۆمەڵە

عومەری ئیلخانیزادە، لە وەلام بە پرسیاری یەکەمی رۆژنامەی تایم کە دەپرسی: "بۆ چی لە کۆمەڵەی ئێران جیا بوونەوە"، دەلی: "ریکخراویك بەناوی کۆمەڵەی ئێران بوونی نیە" ئەوە زاراوەیەکی هەلە و نادروستە" کۆمەڵە پیش ئەوەی بچیتە نێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، (کۆمەڵەی شۆرشگیری زەحمەتکیشانی کوردستانی ئێران) بوو" دوای ئەوەی کە بووین بە حیزبی کۆمۆنیست، ناوی ریکخراوی کۆمەڵە کە ریکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو، ناوی (سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوە)" ئیستاش ئەو برادەرانەی کە بە رەسمی لەناو حیزبی کۆمۆنیستی ئیران دا ماونەتەوە، ئەو ناوەیان بە رسمی هەیە: سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران (کۆمەڵە)". (تایم ژمارەی 30 - 3ی ئوکتوبری 2002)

ئەو ئیدعایە کە " ریکخراویك بەناوی کۆمەڵەی ئیران بوونی نیە"، سەرتاپا ناراستە و ئەو ئیدعایانە هەولیکی بی ئاکامە بۆ چەواشەکردنی راستییەکان. کۆمەڵە یا با بلێین کۆمەڵەی شۆرشگیری زەحمەتکیشانی کوردستانی ئیران، کاتیك وەك هێزیکی سەرەکی لە رەوتی پیکهینانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بەشداری کرد و لە 11ی خەرمانانی سالی 1362ی هەتاویدا ئالای پیکهینانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیرانیان بەرز کردەوە، هەموو لایەن و هیزەکانی پیك هینەری حیزبی کۆمۆنیستی ئیران ئەو مافەیان بۆ بەرەسمی ناسی کە هەر لەژێر ناوی کۆمەڵەدا فەعالییەت و هەلسوورانی خۆی لە کوردستان دریژە پیبدا. ئەوە نەك لە نەتیجەی پێ داگرتنی کۆمەڵە لەسەر راگرتنی ئەو ناوە، بەلکوو نەتیجەی دیتنی راستییەکانی کۆمەڵگای کوردستان و ولام دانەوەی گونجاو و پیویست بەو هەل و

مەرجە بوو. واقعییەت ئەوە بوو کە لەناو جەرگەی خەبات و هەل و مەرجێکی سیاسی کە لە کوردستان هەبوو، کۆمەڵە لە نەقشی ڕێکخراوێکی جەماوەرییدا خۆی نیشان دا و لەگەڵ نوقتە عەتفەکانی خەباتێکی جەماوەری بەرین لە کوردستان جۆشی خوارد و لێک هەڵپێکرا. کۆمەڵە بوو بە ڕێکخراوێکی جێگای متمانە و خۆشەویست لەناو کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی تێکۆشەری کوردستان.

ڕێکخراوێک کە لەژێر ناوی کۆمەڵە ئەو جێگا و شوێنەی لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا پەیدا کردبوو، لەناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش دا بێ هیچ چەشنە حەساسییەت و موخالفەتێک ئەو مافەی بۆ سەلمابوو کە هەر لەژێر ناوی کۆمەڵەدا درێژە بە خەبات و هەلسووڕانی خۆی بدات.

ئەگەر لە تەقسیمات و چارتی سازمانیدا کۆمەڵە وەک سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران جێگا و شوێنی دیاری دەکرا، بەڵام ئەمە هیچ کات نەبوو بە هۆی کۆسپێک لەسەر ڕێگای ئەوەکە کۆمەڵە و ئۆرگانەکانی نە تەنیا لەناو موناسباتی تەشکیلاتیدا بەڵکوو لە ئاستێکی بەرینی کۆمەڵایەتیش دا هەر بەناوی کۆمەڵە بناسرێنەوە. تەنانەت ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش، دەوڵەتان وهێزە سیاسییەکانی ناوچەکەش کۆمەڵە هەر بە کۆمەڵە دەناسنەوە.

لەماوەی 23 ساڵی ڕابردوودا، وشەی پێشمەرگەی کۆمەڵە، کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، نوێنەرایەتی کۆمەڵە، ڕادیۆی کۆمەڵە، ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە، ڕۆژی کۆمەڵە، لایەنگری کۆمەڵە، دایکی شەهیدی کۆمەڵە، بنەماڵەی پێشمەرگەی کۆمەڵە، بۆ هەموو کەس وشە و زاراوەیەکی ئاشنایە.

وشەو زاراوەی کۆمەڵەی ئێران، لەو واقعییەتە کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگری. بوونی کۆمەڵە بە بەشێک لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، هیچ ئاڵ و گۆڕێکی لەو واقعییەتە کۆمەڵایەتییەدا پێک نەهێناوە، بەڵکوو بەهێزتری کردوە. لێرەدا ئەو ئیدعایە کە "ڕێکخراوێک بەناو کۆمەڵەی ئێران بوونی نیە، ئەوە زاراوەیەکی هەڵەیە و ناڕاستە"، ئیدعایەکی پووچ و بێناوەرۆکە و تەنیا دەتوانێ ئیدعای کەسێک بێ کە دەیهەوی بە تەحریفی مێژووی کۆمەڵە و ڕاستییەکانی کۆمەڵگای کوردستان، لادان و پشت کردنەکەی خۆی و هاوبیرانی لە ڕابردوو پاساو بکا.

## 2) کۆمەڵە لە پەیرەوی ناوخۆییدا

عومەری ئیلخانیزادە لە دریژەی قسەکانیدا و لە وڵام بەو پرسیارە کە بۆ چی لەکۆمەڵەی ئیران جیا بوونەوە؟، دەلی: "حەق وایە ئەو ناوەی لە پەیرەوی ناو خۆدایە، ئەو ناوە بەکار بێت، چونکە ئیمە وەك کۆمەڵە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئیران جیا بووینەتەوە، ئیمە زۆرینەی کادێران و پیشمەرگەی کۆمەڵە بووین و بریارمان دا کە کۆمەڵە جاریکی دیکە سەربەخۆ بێتەوە و لەنیو قالبی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بێتە دەرێ ..."(تایم ژمارەی 30 – 3ی ئوکتوبری 2002)

بەر لەوەی بچینە سەر ئەفسانەی "زۆرینە بوون" با پیکەوە چاویك بخشێنین بەسەر ئەسلیترین و ئەساسیترین پەیرەوی ناو خۆیی یانی ئەساسنامە کە کاتی خۆی ئاغای ئیلخانیزادە و هاوفکرەکانیشی دەنگیان پیداوە، با بزانین لەسەر کۆمەڵە دەلی چی.

لە بەشی کوتایی ئەساسنامەدا کە لەژێر سەردیری "مافەکان و ئیختیاراتی تایبەتی کۆمەڵەدا نووسراوە:

<u>مادەی ئەوەل:</u>

<u>کۆمەڵە</u> دارای کونگرەی ریکخراوەیی و کومیتەی ناوەندی خۆیەتی.

<u>مادەی دووهەم:</u>

کۆمەڵە خۆی دەتوانی:

1) هەلویست، سیاسەت و دروشمەکانی چینی کرێکاری کوردستان لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی میللی و سەبارەت بە بەدەست هینانی ماف دیاری کردنی چارەنووسی خەڵکی کو رد دیاری بکا و پەسەندی بکا.

مادەی دووهەم لە 8 بەندیدا ئیختیاراتی کۆمەڵەی باس کردوە.

<u>فەسلی دووهەم</u> : ئورگانەکانی ریبەریی کۆمەڵە و پەیوەندییان لەگەڵ ئورگانەکان ریبەریی حیزب.

له سەرەتای ئەم فەسلەدا کە مادەی سێهەمە و لە پەیوەند لەگەڵ کونگرەکانی کۆمەڵەدایە، هاتوە:

1) –کونگرەی کۆمەڵە لە سلسلە مەراتبی حیزبیدا وەك سەرەوەترین ئورگانی تەشکیلاتی ناوچەیی حیزب عەمەل دەکا و لە چوارچێوەی ئیختیاراتی تەسریح کراو لە مادەی دووی ئایین نامە، بەرزترین ناوەندی تەسمیم گرتن لە دیاری کردنی سیاسەتەکانی کۆمەڵەدایە.

2) –کونگرەی کۆمەڵە بە هەر دوو سال لانی کەم جاریك دەگیرێ. سەرەرای ئەوە هەرکات کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست یا کومیتەی ناوەندی کومەلە یا یەك دووهەمی ئەندامانی تەشکیلات داوا بکەن، کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە سەریەتی بانگەوازی گرتنی کونگرە بدات.

3) – زەوابت و رادەی بەشدار بوان لە کونگرەی کۆمەڵە لەلایەن کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە دیاری دەکری.

4) –کونگرەی کۆمەڵە کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە و جێگرەکانی هەلدەبژێری.

مادەی چوارەم:

ئەو کومیتەیەی کە تەشکیلاتی کۆمەڵە ریبەری دەکا، پێی دەوتری کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە.

بەمجۆرە دەبینین کە چاو خشاندنەوە بەسەر پەیرەوە ناو خۆییەکانیش دا نە تەنیا هیچ چەشنە هەقانییەتیك بە عومەری ئیلخانیزادە نادا، بەلکوو جاریکیتریش ئەو راستییە نیشان دەدا کە ئیدعای سازمانی زەحمەتکیشان لەسەر ناوی کۆمەڵە لە باری تەشکیلاتییەوە مەشرووعییەتی نیە. ئەم چاوخشاندنەوەیە نە تەنیا بە روونی ئەوە نیشان دەدا کە کۆمەڵە هەر کۆمەڵە بوە و هەر کۆمەڵەیە، بەلکوو ئەوش نیشان دەدا کە ئەوە کونگرەی کۆمەڵەیە کە دەتوانی لەسەر جیگا و شوینی کۆمەڵە و هاتنە دەری لە حیزبی کۆمۆنیست بریار بدا، نەك هەر جەمعیك یا کەمایەتییەکی بچووك لە دەرەوەی کونگرەی کۆمەڵە" هەر ئەو جۆرەی کە کاتی خویشی کونگرەی سیهەمی کۆمەڵە بوو کە بریاریدا بچیتە نێو پروسەی عەمەلی پیك هینانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران.

## 3) ئەفسانەی "زۆرینە بوون"

بەڵام با بێینە سەر ئەفسانەی "زۆرینە بوون". عومەری ئیلخانیزادە ئیدعا دەکا کەئیمە زۆرینـەی کـادێران و پیشـمەرگەکانی کۆمەڵـە بـووین. ئاغـای ئیلخـانیزادە لـیرەدا وەك زۆر جاریتر بە پـەنا بردن بۆ ئـەو ئەسلە کە دەڵـی درۆ هەرچی گەورەتر بـێ باوەر پیکردنـی ئاسانترە، هـەول دەدا ئیـدعا بیپایەکـەی خـۆی بسـەلمێنێ، بـەڵام بەڵگـە و راسـتییەکانی پەیوەندیـدار بـەم مەسـەلەیە هینـدە روون و ئاشـکران کـە پـەنا بـردن بـۆ ئـەو ئەسـڵە موقەدەسەش بە فریای ناگا.

لیرەدا یەکەمین پرسیار کە دیتە پیش ئەوەیە کە باشە ئەگەر ئیوە زۆرینەی تەشکیلاتی کۆمەڵە بوون، ئەی بۆ لە کونگرەی 9ی کۆمەڵەدا کە کونگرەیەکی مەشرووع و یاسایی بوو بەشداریتان نەکرد تا لەو کونگرەیەدا لەسەر هاتنەدەری کۆمەڵە لە چوارچیوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بریار بدەن؟

واقعییەت ئەوە بوو رەوتی ئینشعابی کە خۆیان لە هەموو مەرحەلەکانی هەڵبژاردنی نوینەران بـۆ بەشداری لـە کـونگرەی 9ی کۆمەڵە بەشـدارییان کردبـوو و تا بـەر دەرکـی کـونگرەی 9 هاتبووونـە پـای، کـە دیتیـان کەمایەتییـەکی کـەم لـە نوینـەرانی کونگرەیـان لەگەڵە، لـە بەشـداری کردن لـە کونگرە خۆیـان پاراسـت و داخوازی گـەلیکیان نایـە بەردەم کومیتـەی ناوەندی کۆمەڵـە کـە لەگەڵ هـیچ مـەنتقیك جـۆر نەدەهاتـەوە. ئەوان خوازیـاری وەدواخستنی کونگرەی 9ی کۆمەڵە و هەڵوەشاندنەوەی کومیتەی ناوەندی هەڵبژیردراوی کونگرەی 8ی کومەڵە بوون کە لە 15 کەس تەنیا چوار کەس لەگەڵ ئەوان بوو و هەروەها جینشین کردن و دانانی رابەرییەکی هاوبەش لە سەرەوەی هەموو مەراجعیکی تەشکیلاتی بەنیسبەتی 50 بـە 50 . روون و ئاشـکرا بووکـە ئـەو داخوازیانـەی ئـەوان هینـدە غـەیرە دیموکراتیـك بـوو کـە لەگـەڵ هـیچ کـام لـە ئوسـوول و مـەوازینی تەشـکیلاتی، زەوابـت و سوننەتە ناسراوەکانی تەشکیلاتی کۆمەڵە ریك نەدەهاتنەوە، هەر بۆیە کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە وەك نوینەری زۆرینەی قاتعی تەشکیلات نەیدەتوانی لەگەڵ داخوازیەکانی ئەوان موافقەت بکا. بۆیە کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەر ئەو کات بە ریکەوتی 2000/8/14 لە راگەیاندنیکی ئاشکرا و رەسمیدا رایگەیاند: "ئیمە نامانهەوی ئەو هاورییانە لـە کۆمەڵـەدا بێ دەست بکەین، قسەی ئیمە ئەوەیە کە بوونی ئەوان لە کومیتەی ناوەندی و یا هەر

ئورگانیکی بەڕیوە بەریی دیکەدا دەبی هاو وەزن بێ لەگەڵ وەزنی واقعی ئەوان لە ناو تەشکیلات و لە ڕیگای مکانیزمە ناسراوەکانی تەشکیلاتییەوە بێ".

ئەو داخوازیانەی ڕەوتی ئینشعابی، بە ڕادەیەك لەگەڵ مەنتق و ئوسوول و پرەنسیپەکانی ناسراوی کۆمەڵە نامۆ بوو، کە ئەو هاوڕییانەی کە تا ئەو کات لە کیشمە کیشەکانی نێو خۆییدا هەلویستیکی بیلایەنیان گرتبوو و زۆریش خوازیاری وەحدەتی تەشکیلاتی بوون و لە تەواوی ئەو باسانەش دا بەشدار بوون، تەئیدیان نەکرد. لە ناو جەرگەی ناکامی ئەو باس و کیشمە کیشانەدا بوو کە جەماعەتی ئینشعابی، لە کونگرەی 9ی کۆمەڵەدا بەشدارییان نەکرد و ڕیگای جیابوونەوەیان لە کۆمەڵە گرتە پیش. ئەو کاتەی کە سیاسەتی ئینشعاب گەرانەی ئەوان بۆ هەمووان دەرکەوت، هەر لەو کەسانەش کە لەگەلیان بوون، ژمارەیەك، ڕیگای خۆیان لە ڕیگای ئەوان جیا کردەوە. لە نەتیجەدا ئەوان بە کەمتر لە 20 دەرسەدی کادر و ئەندامانی کۆمەڵە لە دەرەوەی کونگرەی 9ی کۆمەڵە کۆڕیکیان پیك هینا و ناویان نا "کونفرانسی بازسازی کۆمەڵە" و ئینشعاب لە کۆمەڵە بوو بە ئەمریکی واقع. ئەوە بوو داستانی پایبەندیی عومەری ئیلخانیزادە و هاوفکرەکانی بە ئوسوول و پرەنسیپەکان و بە پەیڕەوە ناو خۆییەکان کە ئیستا ئیمە بۆ ڕەعایەت کردنیان بانگەواز دەکا.

ئەوان لەسەر دەمی بەڕیوە چوونی کونگرەی 9ی کۆمەڵە چ لە دانیشتن لەگەڵ کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، چ لە ڕاگەیاندنیکی ئاشکرا کە دەریان کرد، خوازیاری هەلوەشاندنەوەی کومیتەی ناوەندی هەلبژیردراوی کونگرەی 8ی کۆمەڵە و دانانی کومیتەیەکی ڕابەریی بە نیسبەتی 50 بە 50 بوون. لیرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئیوە ئەو هەموو بەخشەندییەتان لە کویوە هینابوو، ئەگەر ئیوە زۆرینە بوون بۆ داوای ئەوەتان دەکرد کە کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە نیسبەتی 50 – 50 تان لی قەبوول بکا؟ ئایا ئەوەش بەلگەیەکیتر نیە بۆ ئیسپاتی بیپایە بوون و ناراستی ئیدعای زۆرینە بوونی ئیوە؟

عومەری ئیلخانیزادە لە وەڵامی پرسیاری سێهەمی ڕۆژنامەی تایم دا لە شوینیك دەلی:
**دوای جیا بوونەوەی 20٪ ئەندامان و کادێرانی ئەو حیزبە پێیان وابوو و لایەنگری ئەوە بوون کە ناوی حیزبی کۆمۆنیست هەلگرن و بەناوی کۆمەڵە کار بکەن.** (تایم ژمارەی 30 – 3ی ئوکتوبری 2002)

جاری با بگوزەرێین لەوە کە ئەو ئامار و ئەرقامەی بەو دیقەتی ریازییە لە کوێوە هیناوە. بەڵام هەر ئەو قسە ئەوە نیشان دەدا کە ئەوان ئەگەر مابانەوە و 20 دەرسەدی دیکەش لە ئەندامان لەگەلیان هاو دەنگ بان، دیسانیش هەر نەدەبوون بە زۆرینە. ئایا ئەوەش هەر دەلیلیك نیە بۆ دەرخستنی ناراستی ئیدعای زۆرینە بوون؟ یا خەیر بە حیسابی زەعیف بوونی حافزەی دانێین. بەڵام تەناقوزاتی ئاغای ئیلخانیزادە لەم وت و ویژەش دا هیندە زەق و بەرچاوە کە تەنانەت وت و ویژکەری رۆژنامەی تایمیش کەڵافە دەکا و هەر بۆیە لە دریژەدا لێی دەپرسی: باشە ئەگەر ئیوە ژمارەتان لەوان زیاترە وەك خۆتان دەلین، ئەی بۆچی بەشداری کونگرەکەتان نەکرد و زۆرینەی دەنگتان بە دەست دەهینا؟

عومەری ئیلخانیزادە لە بەشیك لەولامەکەیدا دەلی: "ئیمە خوازیاری ئەوە بووین کە ئەگەر کونگرە دەگیریت با هەر فراکسیونیك قورسایی خۆی هەبیت لە بەشدار بووندا".

بە پیچەوانەی ئەو ئیدعایەی ئاغای ئیلخانیزادە، ئەوان هیچ کات رەسمەن فراکسیونیان رانەگەیاند. هۆی سەرەکی ئەوکارەش ئەوە بوو کە ئەوان لە مەحافل و کور و کۆمەلی جۆراوجۆری کوردەکانی دەرەوەی تەشکیلاتی کۆمەڵەدا قسەیان دەکرد و خۆیان بە زۆرینە هەڵدەخست و بە درۆ فلان کادر و فلان سیمای ناسراو و خۆش نیوی کۆمەڵەیان بە کەسی خۆیان ناو لی دەبرد و بەمجۆرە هەولیان دەدا سەمپاتی خەلك بەرەولای خۆیان راکیشن و دەستی بەعزیکیش بسوتینن.

ئەو کات ئەگەر ئەوان فراکسیونیکیان راگەیاندبا، دیارە بە زوویی هەموو شتیك ئاشکرا دەبوو و دەر دەکەوت کە ئەوان کەمایەتییەکی بچوکن و دەرکەوتنی ئەو راستییەیان لەگەڵ بەرژەوەندی تەسکی خۆیان نەدەدیت.

عومەری ئیلخانیزادە هەر لە ولام بەو پرسیارە لە شوینیکیتردا دەلی: " هەلبژاردنی کونگرە بە شیوەیەکی نادروست بوو، ئەوان لە کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزی کۆمۆنیستی ئیران دا زۆرینە بوون و بە زۆرینەی دەنگ شیوەیەك لە هەلبژاردنیان پەسەند کرد کە زۆرێك لە ئەندامانی ئیمەی بێبەش دەکرد، بۆ نموونە زیاتر لە 40 کەس ئەندامی سوئید دەنگیان نەدا". (تایم ژمارەی 31 -18ی ئوکتوبری 2002)

ئەوە راستە لە 15 کەسی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، 11 کەسی ئیمە بووین و تەنیا 4 کەسی لەگەڵ رەوتی ئینشعابی بوون، بەڵام با بزانین ئیمە کام شیوە لە هەلبژاردنی نوینەرانی کونگرەمان پەسەند کرد. ئیمە هەمان شیوەمان پەسەند کرد کە 6 مانگ پیشتر ریبەرانی رەوتی ئینشعابی بۆ بەریوە بردنی کونگرەی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران پەسەندتان کردبوو.

ئەگەر ئەوشیوە هەلبژاردنەی کە پەسەند کرابوو نادروست بوو، ئەی بۆ بە تیکرایی هەلبژاردنەکەتان تەحریم نەکرد؟ ئەی بۆ بەشداریتان تێدا کرد و تا بەر دەرگای کونگرە هاتن. واقعییەت ئەوە بوو ئیوە لە ناوقەدی هەلبژاردنەکاندا کاتیك کە هیواش هیواش نەتیجەی هەلبژاردن هاتە دەستتان، نەك ئەمجۆرەی کە دەلی 40 کەس بەڵام 28 کەس لە ئەندامانی سەر بە خۆتانتان هان دا تا لە هەلبژاردنەکەدا بەشداری نەکەن و بەمجۆرە دەستتان کرد بە کارشکینی تا کۆسپ و تەگەرە بخەنە سەر رێی هەلبژاردنەکە و پیك هینانی کونگرەی 9ی کۆمەڵە. سەرەرای ئەوە خوشتان باش دەزانن بەپێی ئایین نامەی هەلبژاردنی کونگرەی 9ی کۆمەڵە و نیسبەتی 9 بە 1، ئەو 28 کەسە 3 کەسیان وەك نوینەر لە کونگرە دەبوو کە 3 کەس نوینەر لە تەرازووی هیزیك کە لە کونگرەدا هەبوو ئاڵ و گوریکی پیك نەدەهینا. جیاواز لەوانە خۆ ئیمە لە بەیانیەی رەسمی و ئاشکرادا رامانگەیاند کە ئیوە دەتوانن بەپێی قورساییتان لەناو تەشکیلات دا کەستان هەبی لەناو کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەدا.

هەر لەو پەیوەندییەدا پرسیاریکی دیکەش دیتە پیش“ ئەویش ئەوە کە لە کونگرەی 7ی حیزبی کۆمۆنیستی ئیراندا بۆ وەزعتان لەوە باشتر نەبوو؟ شەش مانگ بەر لە کونگرەی 9ی کۆمەڵە، کونگرەی 7ی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بەریوە چوو. ئەو کات زۆرینەی ئەندامانی کومیتەی بەریوە بەریی حیزب لە ئیوە بوون و چونیەتی و شیوەی هەلبژاردنەکەش هەر بۆ خۆتان پەسەندتان کردبوو، هەموو چاوەدیرانی حەوزەی هەلبژاردنەکانیش هەر بۆ خۆتان دیاریتان کردبوو، سەرەرای هەموو ئەوانە لەکاتی هەلبژاردنی کومیتەی ناوەندیدا لە 20 کەسی ئەندامانی ئەو کومیتەیە تەنیا 2 یا 3کەسی لە ئیوە بوون ودەبیر کوللەکەشتان کە لەسەر ئەو باوەرە بوو کە ویژدانی ئاگاە، بەسەر کونگرەکەدا زاڵ بوو، هەر لەو کونگرەیەدا بۆ کومیتەی ناوەندی هەلنەبژیردرا و نەتیجەی کونگرەکەتان هیندە نا بەدل بوو کە هەر رۆژی دوای کونگرە، هەمووتان بوون بەدژی

راگرتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران، راگرتنی ئەو حیزبە کە تا دوێنێ لە رابەرییەکەیدا بوون.

ئێوە لە تەشکیلاتی نهێنی شارەکانیش کە دەڵێن زۆرینەین، وەزعتان زۆر لەوە خراپتر بوو. جیاواز لە هاورێیانی نوێنەری تەشکیلاتی نهێنی شارەکان کە لە کونگرەی 9ی کۆمەڵەدا بەشدارییان کرد و لەگەڵ ئێوە نەبوون، لەماوەی 2 مانگی دوای کونگرەی 9 ژمارەیەکی بەرچاو لە هاورییانی تەشکیلاتی نهێنی کە هەوالی ئینشعابەکەیان بیستبو سەردانیان کردین کە تاکە یەك کەسیشیان لەگەڵ بیرو بوچوون و هەلویستی ئیوە نەبوون.

دوایین پرسیار لەو پەیوەندییەدا ئەوەیە کە تا ئیستا لە کوێی دنیا و لە کام حیزب و ریکخراوەدا، کەمایەتییەك تەنیا بەهۆی ئەوە کە لەناو ریبەرایەتییەکەیدا زۆرینە بوون، توانیویانە بە پەسەندکردنی شیوەیەك لە هەلبژاردن، تەرازووی هیز و هەموو شتەکانیتر بە قازانجی خۆیان بگورن؟ ئایا ئایین نامەیەکی هەلبژاردن و لاپەرە کاغەزیك دەتوانێ تا ئەم رادەیە، تەرازووی هیز لە دنیای واقع دا بگوری؟ ئەوە چلۆن بوو کە کەمایەتییەك لەناو کۆمەڵەدا توانییان زۆرینەی ئەندامانی تەشکیلات مەزلووم واقع بکەن و ناچاریان بکەن ریزی کۆمەڵە بەجێ بهێڵن و خۆیان دەست بەسەر هەموو ئیمکاناتی ئەو تەشکیلاتەدا بگرن؟ ئەوە چلۆن بوو ئیمە کەمایەتی بووین بەلام ئاو لە ئاو تەکانی نەخوارد. گوڤاری پیشرەو، نوینەرایەتی کۆمەڵە لە کوردستانی عیراق و دەرەوەی ولات بە هەموو ئادرەس و ژمارە تەلەفونەکانیەوە، ئو رگانەکانی بەریوەبەریی تەشکیلاتی عەلەنی بە هەموو ئیمکاناتەوە، کومیتەی تەشکیلاتی نهێنی شارەکان، فەرماندەیی نیزامی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە، رادیوی دەنگی شۆرشی ئیران و هەموو ئەرشیفەکانی کۆمەڵەش لە جیگای خۆیان مانەوە. ئایا هەموو ئەوانە بەلگەیەکی قورس و قایم نین بۆ دەرخستنی بیپایە بوون و ناراست بوونی ئیدعای "زۆرینە بوونی" عومەری ئیلخانیزادە و سازمانی زەحمەتکیشان؟ ئایا هەموو ئەوانە جاریکیتریش ئەم راستییە نیشان نادا کە سووئیستفادە کردن سازمانی زەحمەتکیشان لەناوی کۆمەڵە، لەباری تەشکیلاتیشەوە هیچ چەشنە مەشرووعییەتیکی نیە و فورسەت تەڵەبی و ئوپورتونیسمیکی رووت و ئاشکرایە.

هەر چەند وت و ویژکەری رۆژنامەی تایم بەو پرسیارانەی کە کردی و ئەو ولامانەی کە وەریگرتەوە، زەحمەتی نووسینی ئەو چەند دێرەی بۆ ئیمە خولقاند، بەلام قەیدی ناکا، ئیستا کە عومەری ئیلخانیزادە لە ولام دانەوە بە پرسیارەکانی تایم قسەی راستی بەسەر زاردا نەهات، با ئیمە ولامی ئەو دوو پرسیارەی تایم لە عومەری ئیلخانیزادە کە دەپرسێ

بۆ ئێوه له كۆمەڵەی ئێران دا هاتنه دەری و ئەگەر زۆرینه بوون بۆ له كونگرەی كۆمەڵەدا بەشداریتان نەكرد، بدەینەوه.

واقعییەت ئەوەیە كە ئەوانە كەمایەتییەك بوون كە لە بنەمای فكری خەت و ڕێباز وسوننەتی شۆرشگێرانەی كۆمەڵە بڕان و ئەو كاتە بە جێگای كەلك وەرگرتن و بە كارهێنانی مكانیسمەكانی مەشرووعی تەشكیلاتی بۆ تەرحی ئال و گورە فكرییەكانی خۆیان هەولیان دا تا بەشیوەی كوودتا گەرانە دەست بەسەر كۆمەڵەدا بگرن" بەڵام كە دەستیان رووكرا و ناوەروكی راستەقینەی نەقشە و پروژەكانیان بۆ زۆرینەی ئەندامانی تەشكیلات دەركەوت، ئەوكات دەستیان كرد بە هەڵوەرین و هەر كەسیان لی دەبوەوە" هەر بەو هۆیەش بوو كە لە كونگرەی $9$ی كۆمەڵەدا بەشدارییان نەكرد و بە پەلە پرووزە ڕیگای جیابوونەوە لە كۆمەڵەیان گرتە پێش.

ئەوە بوو ئەو سناریویەی كە سەرەتاكانی بە چرا سەوزدان بە خاتەمی و لە سەر یەك دانانی ژیر بە ژیری ئیمكاناتی مادی و بۆ دەست گرتن بە سەر كۆمەڵەدا دەستی پیكرد و بە دەر كەوتنی ناوەروكی پروژەكانیان و ئیستعفای عەبدوللای موهتەدی لە كومیتەی ناوەندی حیزبی كۆمۆنیستی ئیران و رەئی نەهێنانەوەی لە كونگرەی $7$ی حیزب دریژەی پەیدا كرد و بە چوونە دەریان لە كۆمەڵە لەسەردەمی بەرێوە چوونی كونگرەی $9$ی كۆمەڵە كوتایی پیهات. ئەوە بوو ئەفسانەی زۆرینە بوونی عومەری ئیلخانیزادە و سازمانی زەحمەتكیشان.

## 4) ئیدعای نابەوەختی شەرعییەتی ڕیكخراوەیی

بەڵام ئیستا، كە جاریكیتریش بە روون كردنەوەی راستییەكان، لەباری تەشكیلاتیشەوە نامەشرووع بوونی كەلك وەرگرتن لەناوی كۆمەڵەمان لەلایەن رەوتی ئینشعابیەوە نیشان دا، پرسیار ئەوەیە كە بۆچی دوای زیاتر لە $2$ سال كە لە جەریانی ئینشعاب و جیابوونەوەی ئەمانە لە كۆمەڵە تیپەر دەبی، عومەری ئیلخانیزادە و سازمانی زەحمەتكیشان بە چەواشە كردنی راستییەكان، لە هەول و كوششی ئەوەدان تا نیشان بدەن كە ئەوان زۆرینە بوون. ئایا كەلك وەرگرتنی ئەوان لەناوی كۆمەڵە، لەباری

تەشكیلاتییەوە مەشرووعییەتی هەیە؟ خۆ كەمایەتی بوون لە حیزبیكدا یا لە ریكخراویكی سیاسیدا خۆی لە خۆیدا هیچ باریكی سیاسی مەنفی نیە. عومەری ئیلخانیزادە لەوڵام بە پرسیاری تایم كە دەپرسی بۆ چی لە كۆمەڵەی ئیران جیابوونەوە، دەیتوانی نەكەوێتە دەست و پێ لیدان لە ناو دەریای تەناقوزاتی خۆیدا. ئەو دەیتوانی لە "مەشرووعییەتی سیاسی" خۆیان دیفاع بكا“ بەڵام مەسەلەی ئەسلی ئەوەیە كە دوای زیاتر لە 2 سال كەلە ئینشعاب و جیابوونەوەكەیان لە كۆمەڵە تێپەر دەبی و دوای زیاتر لە 2 سال سەر لە دارو بەرد دان، هیشتاش ئیدعای سازمانی زەحمەتكیشان بۆ تەداعی كردنەوەی ناوی كۆمەڵە لەگەڵ خۆیان، هەر وەك ئیدعایەكی پووچ و بیناوەروك ماوەتەوە، ئەو ئیدعایەی ئەوان لە كوردستان مەقبوولییەتی كۆمەڵایەتی پەیدا نەكردوە وكرێكاران و كۆمەڵانی خەڵكی پیشكەوتوو خوازی كوردستان مەشرووعیەتی سیاسییان بەو جەماعەتە نەداوە تا بەناوی كۆمەڵەوە فەعالییەت بكەن، هەر بویە ئاوا نابەوەخت دوای 2 سال و 4 مانگ كەوتوونەتە بیر ئەوە كە مەشرووعییەتی تەشكیلاتیی خۆیان بۆ ئیستفادە كردن لە ناوی كۆمەڵە بە ئیسپات بگەیەنن.

ئەوە راستە كە لە كۆمەڵگای كوردستان، مەیل و فەرهەنگی سوننەتی و پیشا مودیرن و، مەیل و فەرهەنگی مودیرن و پیشكەوتنخوازانە، دوو واقعییەتی كۆمەڵایەتین، بەڵام واقعییەت ئەوەیە كە فەعالییەت و هەلسوورانی زیاتر لە دوو دەیەی كۆمەڵە وەك جەریانیكی كۆمۆنیستی و رادیكال و پیشكەوتنخواز، تەرازووی هیزی نیوان فەرهەنگی كۆن و سوننەتی و فەرهەنگی مودیرنی تووشی ئال وگور كردوە. كۆمەڵگای كوردستان زیاتر و زیاتر سیاسی بوەتەوە. جەریانی ئینشعابی ناتوانی بەناوی كۆمەڵە، فدرالیسم لەجیگای ستراتێژی سوسیالیستی كۆمەڵە بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی دابنێ، هەموو ریباز و سوننەت و فەرهەنگە شۆرشگێرانە و پیشكەوتنخوازانەكانی كۆمەڵە لەژێر پێ بنێ و مەقبوولییەتیش پەیدا بكا. بەڵام ئەوان دەتوانن بەناوی سازمانی زەحمەتكیشان هەر بە فدرالیسمەكەیانەوە، بەو ریباز و فەرهەنگە تازەش كە رەچاویان كردوە، لەناو مەیل و فەرهەنگی پیشا مودیرن و سوننەتیی روو بە زەواڵی كوردستان جیگای خۆیان بكەنەوە.

بەڵام رابەرانی سازمانی زەحمەتكیشان ناوی كۆمەڵەیان پیویستە، ئەگەر سوئیستفادە كردن لەناوی كۆمەڵە نەبی، چلون عەبدوللای موهتەدی لە هەل و مەرجیك دا كە خەڵكی شاری مهاباد بە گژ سیاسەتی كوشتار و تیروری رژیمی كۆماری ئیسلامیدا دەچنەوە، لە وت و ویژ لەگەڵ رادیویەكی سوئیدی، ئامادە بوونی خۆیان بۆ وت و ویژ لەگەڵ ئەم رژیمە

لەژێر چاوەدێری ئەنترناسیونالی سوسیالیست دا دەر دەبری. ئەگەر سووئیستفادە کردن لەناوی کۆمەڵـە نـەبی، ناپرسـن سـازمانی زەحمەتکیشـان بـەری چ گیایەکـە؟ بـەڵام ئـەو فورسەت تەڵەبیانەش دەورانی بەسەر دەچی.

## 5) داستانی 150 نەفەر

عومـەری ئیلخـانیزادە لـە وڵام بـە پرسـیاری تـایم کـە دەڵـی: "بـەڵام 150 کـەس لـە ئەندامانی ئێوە گەرانەوە نێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران"، دەڵی: "بە قەولی فارسی ئەوانـەی وایـان وتـوە (مـبهم) قسـە دەکـەن. ئـەوە رەد دەکەمـەوە، دوای جیابوونـەوە یەك تاکە کـەس لـە نێو ئێمـەوە نەچوەتە نێـو حیزبی کۆمۆنیسـتی ئـێران، حیزبـی کۆمۆنیستی ئـێران هەموو هـەولی خـۆی لە هـەموو ئورووپا و ئامریکا خسـتە گـەر تـەنها 150 کەسـیان بـو پەیـدا بـوو کـە نامەیـەکیان ئیمـزا کـرد" لـەنێو ئەوانەشـدا نزیکەی 20 کەس یـا 28 کەس بوونەتەوە بـە ئەندام" لە دریـژەش دا دەڵـی " لـەو 150 کەسـەش <u>زوربـەیان</u> کـە زانییـان ئـەو ئیمزایانـە ئیسـتفادەیەکی سیاسـی لـی دەکری و جۆریکی دیکەیە ئیستا گەراونەتەوە و بە جۆریکی دیکە بیر دەکەنەوە".
(تایم ژمارەی 30 – 3ی ئوکتوبری 2002)

بـەڵام با بـزانین ئـەوە ئیمـەین کـە بـە قـەولی فارسـی (مـبهم) قسـە دەکـەین یـا ئاغـای ئیلخانیزادەیە کە بە قەولی فارسی "خۆی لە کووچەی عەلی چەپ دەدا". بەیانیـەی ئـەو 150 کەسە لە هاورییان کە بۆ کومیتـەی ناوەندی کۆمەڵە و کومیتـەی ناوەندی حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئیرانیـان ناردوە, سـەریح و روشـنە. ئەو وڵامانـەش کە کومیتـەی ناوەنـدی کۆمەڵە و حیزب داویانەتەوە هیچ ئیبهام و ناروشنییەکی تیدا نیە، هەموو ئەوانە لەسەر سایتی کۆمەڵە هـەن و لـە گوڤـاری پیشرەویش دا چـاپ کراون. لـە بریارنامـەی کـونگرەی دەهەمی کۆمەڵەش دا سەبارەت بە جەریانی ئینشعابی لە کۆمەڵە ئاوامان وتوە " پەیوەست بوونەوەی سەر لە نویی کومەلیکی بەرین لە کادر و ئەندامانی لە میژینە کە لەو سالانەی دواییدا هەر کام بە هۆیەك لـە هەلسوورانی ریکخراوەیی دوور کەوتبوونـەوە و هاتنـەوەیان بۆ ناو ریزەکانی کۆمەڵە، زیاتر ناشەرعی بوون و نادروستی ئیدعاکانی رەوتی ئینشعابی بە هەمووان نیشان دەدا.

ئاغای ئیلخانیزاده دەڵی: یەك تاکە کەس لەنێو ئێمەوە نەچوەتە نێو ئەوان. ئەوەش ڕاست نیە، بەڵام کێشەی ئێمە لەسەر ئەوانە نیە. لەدرێژەدا دەڵی لەو 150 کەسە 20 یا 28 کەس بوونەتەوە بە ئەندام. ئەوەش هەڵەیە. ئەو هاوڕێیانەی بوونەتەوە بە ئەندام زیاتر لە 50 کەسن. بەڵام چارە چیە، لە سایەی سەری ئەو وڵامانەی کە ڕۆژنامەی تایم وەری گرتوەتەوە، ئێمە لەو چەند دێڕەدا هەر کارمان بوو بە هەڵە ڕاست کردنەوە.

عومەری ئیلخانیزادە دەڵی: لەو 150 کەسەش زۆربەیان ئێستا گەڕاونەتەوە و بە جۆرێکی دیکە بیر دەکەنەوە. ئەوە ئیتر هەڵە نیە و بۆ ڕاست کردنەوەش نابێ، بەڵام ئەگەر لە جیگای وت و ویژکەری ڕۆژنامەی تایم بوایەین دەمانپرسی کاك عومەر بیزەحمەت دەکری تاکە یەك کەسیان نێو بەری؟

بەڵام با بزانین گرینگی هاتنەوەی ئەم 150 کەسە لە کادر و ئەندامانی لە میژینەی کۆمەڵە لە کوێدا بوو. ڕەوتی ئینشعابی بەر لە جیا بوونەوەیان، لیرە و لەوی لە کور و کۆمەل و مەحافلی کوردەکانی دەرەوەی وڵات تەبلیغی ئەوەیان دەکرد کە ئەگەر ئەوان جیا ببنەوە، ئەو کادر و ئەندامە لە میژینانە کە هەر کام بەهۆیەك لە هەلسوورانی ریکخراوەیی دوور کەوتوونەتەوە دەچنە ناو ریزی ئەوان و هەر بە ئیعتباری ئەو کادرە لە میژینانە ئیمکاناتی مادییان بۆ پرۆژەکەیان وەسەر یەك دەنا.

لە هەل و مەرجیکی ئاوادا هاتنەوەی ئەو 150 هاورێیە و سەر لە نوی دەست پیکردنەوەی هەلسوورانی ریکخراوەیی لەگەڵ کۆمەڵە، بەشداری ژمارەیەکیان لە کونگرەی دەهەمی کۆمەڵە وهەلبژاردنی چەند کەس لەو هاورییانە بو ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە، لە راستیدا ئیعلامی شکست و هەرەس هینانی ئەم پروژە و ئیدعایانە بوو کە دەیکوت کۆمەڵەمان لە حیزبی کۆمۆنیستی ئیران هیناوتە دەری.

هاتنەوەی ئەم 150 کەسە لە هاورییان، لە پەیوەندی نیوان کۆمەڵە و رەوتی ئینشعابی، رووداویکی گرینگی سیاسی بوو کە نیشانیدا نەقشەی رفاندن و موسادرەی ناوی کۆمەڵە وگورینی ئاسوی سیاسی و ستراتێژی کۆمەڵە شکستی قەتعی و بی ئەم لا و ئەو لای هیناوە. لەوانەیە بە هاتنەوەی ئەم 150 کەسە لە هاورێیان کە زۆریان سیمای ناسراو و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیشی کوردستانن، عومەری ئیلخانیزادە زیاتر تاسا بی و کەوتبیتە بیر خەونی ئالوز و نابەوەختی زۆرینە بوونی خۆیان.

## 6_ دووپات کردنەوەی رەخنەی کۆن

عومەری ئیلخانیزادە لە وت و ویژ لەگەڵ تایم لە درێژەی وەڵام بەو پرسیارە کە بۆ چی لە کۆمەڵەی ئێران جیا بوونەوە، دەڵێ:

"هۆیەکانی جیابوونەوە دوو هۆی سەرەکییە، یەکەمیان ئەوەیە کە هەر لە کۆنگرەی هەشتی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، مەسەلەی میللی بوە گرێ لە کونگرە و یەکێك لەو مەسەلە سەرەکییانە بوو کە لە کونگرە باس کرا، ژمارەیەك لە هاوڕییانی پێشووی ئێمە لەو باوەڕەدا بوون کە گەلاڵەیەك بۆ مەسەلەی میللی پێویست نیە دەیانکوت مەسەلەی خودمختاری کۆنە... کۆمەڵە لە کونگرەی 3ی خۆیدا گەلاڵەی خودمختاری ڕاگەیاند و دوای ئەوەش گفت و گۆ کرایەوە کە ئایا ئەم گەلاڵەیە چەندە کونجاوە" هەر بویەش لە کونگرەی هەشتی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا ئێمە کوتمان تا کاتیك هیچ گەلاڵەیەکیتر نیە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی

نەتەوایەتی، دروشمی خودمختاری کە دروشمی لە میژینەی کۆمەڵە بوە... ئەمە یەکێك لە خالەکان بوو کە لەسەری ناکۆك بووین و وردە وردە دیتمان ئەو دروشمە بێ ئەوەی لە هیچ کونگرەیەك دا ئیقرار کرابێت کە ئیمە خودمختاریمان رەد کردبیتەوە ئیتر وردە وردە قسە وباس ئەوە بوو کە گەلاڵەیەك بۆ مەسەلەی میللی پیویست نیە". (تایم ژمارە 30 – ئوکتوبری 2002)

ئەم بەشە لە قسەو باس و ئیدیعاکانی عومەری ئیلخانیزادە کە بۆ یەکەمین جار لەسەر دەمی خۆساز کردنیان بۆ ئینشعاب لە کۆمەڵە، لە قەلەمی عەبدوللای موهتەدییەوە هاتنە سەر کاغەز، کاتی خۆی وەلامی پێویستیان پیدراوەتەوە. بەلام وادیارە رەوتی رووداوەکانی زیاتر لە دوو سالی دوای ئینشعاب و جیابوونەوەیان لە کۆمەڵە، بە مەیلی ئەوان و ئەو جۆرەی کە چاوەروانیان دەکرد، نەچۆتە پێش تا رۆشنی و سەراحەتیکی زیاتر بدەن بە قسە و باس و هەلویستەکانیان، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە سەر لە نوێ رەخنە کۆنەکانیان دووپات دەکەنەوە.

لێرەدا ئەوەڵین پرسیار کە دیتە پێش ئەوەیە کە عومەری ئیلخانیزادە و کاتی خۆی عەبدوڵلای موهتەدیش بۆ لە کونگرەی 3ی کۆمەڵەوە باز دەدەن بۆ کونگرەی 8ی کۆمەڵە؟ بۆ چی کونگرەکانی چوار و پێنج و شەش و حەوتی کۆمەڵە لە قەلەم دەخەن؟ ئایا بەو سەفسەتە بازییە کە دەستیان داوەتێ دەیانهەوێ وا نیشان بدەن کە کۆمەڵە تا کونگرەی 8ی خۆی هەر لەسەر بەرنامەی خودموختاری بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی پێی لگرتوە ولە کونگرەی 8دا بەوە گەیشتوە کە گەلاڵەیەك بۆ مەسەلەی میللی پێویست نیە؟.

هەموو ئەو کەسانەی کە خۆیان لەناو جەرگەی ئاڵ و گۆڕەکان و رەوتی روو بە پێش و تەکامولی کومەڵەدا بوون و یا لە نزیکەوە ئەم رەوتەیان تەعقیب کردوە، بە باشی دەزانن کە بەرنامەی خودمختاری هەر بە دوای کونگرەی 5ی کۆمەڵە کە لە زستانی سالی 1365دا بەرێوە چوو، جێگا و شوێنێکی ئەوتۆی لە سیاسەت و تەبلیغاتی کۆمەڵە بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی لە کوردستان نەبوو.

کونگرەی 5ی کۆمەڵە لەسەر هێنانە مەیدانی چینی کرێکار وەك پایەی کۆمەڵایەتی بەهێز، بوونی سوننەتی سوسیالیستی لە بەرانبەر بزووتنەوەی ناسیونالیستی لە کوردستان لە سەحنەی کێشمە کێشی سیاسی کوردستان و بەهیز کردنی پایەی کرێکاری کۆمەڵە و وەلام دانەوە بە مەسەلە گرینگەکانی کۆمەڵگای کوردستان لە روانگای بەرژەوەندی چینی کرێکارەوە وەك پێش شەرتی سەرکەوتن لەو خەباتەدا، پێی داگرت.

کونگرەی 6 بەرنامەی خودمختاری لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیدا خستە بەر لێکدانەوە، ئەرزش، مەحدوودییەت، کەم و کوورییەکان و گرینگی میژوویی ئەم بەلگەیەی باس کرد و لە جێگای خۆی دانا.

کونگرەی شەش هەموو باسەکانی لەو جیهەتەدا بوو کە خودمختاری لە کوردستان لەباری میژووییەوە هەمیشە دروشم و داخوازی هیزە ناسیونالیستەکانی کورد لە بزووتنەوەی دژی ستەمی میللی بوە و کۆمۆنیستەکان بە رەچاو کردنی ئەم دروشمە و پیداگرتن لەسەر بەرنامەی خودمختاری ناتوانن دەور و نەقشی شیاوی خۆیان لە رابەری بزووتنەوەی جەماوەری بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی بەدی بهێنن.

بریارنامەی ستراتیژی ئێمە لە بزووتنەوەی کوردستان، هەر لە درێژەی ئەم باسانەدا کە سەرەتاکانی بەر لە دەست پیکردنی کونگرەی شەشەم دەستی پێ کردبوو هاتە گۆرێ. ستراتیژی ئێمە لە بزووتنەوەی کوردستان، ئەلترناتیو و بەدیلی رەوتی رادیکال و

سوسیالیستی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستانە. ئەم ستراتیژییە موحتەمیل ترین و باشترین حالەتی مومکین بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان، و وەدیهاتنی مافی دیاری کردنی چارەنووس و لابردنی ستەمی نەتەوایەتی وەك بەشێك لە ئامانجەکانی ئەم بزووتنەوەیە باس لی دەکا.

ئاشکرایە کە ستراتیژی ئێمە لە کوردستان بەشێکە لە ستراتیژی ئێمە بۆ سازمان دان و بە ئاکام گەیاندنی شۆڕشی کرێکاری لە ئاستی سەرتاسەریدا. ئێمە لە کوردستان ئەم ستراتیژییە لە جەرگەی هەل و مەرجیکی تایبەتیدا دەبەینە پێش. هەبوونی ستەمی میللی و خەبات لەدژی ئەو ستەمە لە کوردستان، هەبوونی سوننەتی خەباتی چەکداری و ئەو لێهاتوییەی کە کۆمۆنیستەکان بۆ هیدایەت و رێبەری کردنی بزووتنەوەی جەماوەری لە خۆیان نیشانیان داوە و تەبدیل بوونی جەریانی کۆمۆنیستی بە هێزیکی بە کەڵك لە مەیدانی سیاسی کوردستاندا، ئەمانە هەموویان هاوسەنگییەکی لە بارتری بۆ دریژەدان بە خەباتی کرێکاری و جەماوەری لە کوردستان فەراهەم کردوە، بەلام سەرەرای ئەم تایبەتمەندییانە، بزووتنەوەی کوردستان پەیوەندی مەحکەمی خۆی لەگەڵ خەباتی سەرتاسەری لە ئێران دا پاراستوە. هەر پێشکەوتنێك لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان دا یان هەر جولانەوەیەکی شۆڕشگێرانە لە ئاستی سەرتاسەریدا کار دەکەنە سەر یەکتر، دەبنە هۆی بەهێز بوونی یەکتر، هەروەها بە لە بەرچاو گرتنی لێك هەلپێکانی ئابووری و سیاسی کوردستان لەگەڵ باقی شوینەکانیتری ئێران، هەبوونی فاسیلەیەك لە نیوان پێشرەوی شۆڕش لە ئاستی سەرتاسەری و لە کوردستان دا ئیمکانی زۆر کەمە و سەر کەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لە کوردستان لەگەڵ هەڵچوون و پێك هاتنی هەل و مەرجی شۆڕشگێرانەی سەرتاسەری، گونجاوترین و لە هەمان کاتدا دلخوازترین حاڵەتێکە کە رەنگە پێش بێ.

بە پێی ستراتیژی ئێمە لە کوردستان چینی کرێکار و زەحمەتکیشانی شار و دێ هیزی بزوێنەری ئەسلی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لە کوردستانن و پێشرەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە بەستراوەتەوە بە رادەی گەشەی یەکێتی سوسیالیستی چینی کرێکار. بە بروای ئێمە شارەکان ناوەندی ئەسڵی نارەزایەتی سیاسی و جەماوەرین و سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لە کوردستان لە ئاکامی هەڵچوون و راپەرینێکی جەماوەریدا وەدی دێت.

کرێکارانی به دەسەڵات گەیشتوو لە هەل و مەرجێکی شۆڕشگێرانەدا پێش هەر شتێك مافی خەلکی کوردستان لە پێك هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیاندا بە رەسمی دەناسن‌و بەکردەوە هەل و مەرجی کەڵك وەرگرتن لەوەها مافێکیان بۆ پێك دێنن. لە کاتێك دا کە خەڵکی کوردستان بیانهەوێ لە چوارچێوەی ئێران دا بمێننەوە، لەم کاتەدا تەواوی ئەو کۆسپانەی لەسەر رێگای پێکەوە ژیان و بەرابەری میللەتەکاندا هەیە، لە بەین دەبەن ونایهێڵن. لە نەزەر ئێمەوە گونجاوترین رێگای پێشرەوی و سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لە کوردستان ئاڵ و گۆڕێکی سیاسی و بەرپا بوونی شۆڕشێکی سەراسەری لە ئێرانە و ئەمە یانی شکڵ گرتنی وەها دەسەڵاتیك لە ئێران کە لانی کەم چینی کرێکار ئەگەریش بە تەواوی بە حکوومەت نەگەیەنێ دەوری چارەنووس ساز لە پێك هێنانیدا بگێرێ.

بەو قسە و باسە، تا ئێستا دەبێ چەند مەسەلە روون بووبێتەوە"

یەکەم ئەوە کە ئێمە لە هیچ کوێ نەمانوتوە کە گەڵاڵەیەك بۆ چارەسەری مەسەلەی‌میللی پێویست نیە و هەر ئەو خالانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پیکرد سەرخەتی بەرنامەی ئێمە بوو بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان و چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی نیشان دەدات.

هەڵبەت ئێمە لە کۆنگرەی 8دا وتوومانە کە بەرنامەی خودمختاری ناتوانێ بەرنامەی هەمیشەیی ئێمە بێ بۆ لابردنی ستەمی میللی لەسەر خەڵکی کوردستان، ئێمە لەسەرئەو باوەرە بووین و هەین کە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان بزووتنەوەیەکی خودموختاری تەڵەبانە نیە و بزووتنەوەیەکی جەماوەری تایبەت بۆ وەدی هینانی خودمختاری لە ئارادا نیە.

دووهەم: ئەوە کە بەرنامەی خودمختاری، وردە وردە بەخشکە و بی ئەوەی ئیقراری‌پی بکرێت لە دەور نەچوە دەر، بەڵکوو لە ئاکامی قسە و باسیکی زۆر کە لە کونگرەی شەشەمی کۆمەڵە و لە پلنومی کومیتەی ناوەندی بەر لەو کونگرەیە کرا، کۆمەڵە هاتەسەر ئەو باوەرە کە بەرنامەی خودموختاری ناتوانێ بەرنامە و ستراتیژی رەوتی سوسیالیستی بێ لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان. کونگرەی شەشەم مەقتەعێك بوو لە تەکامولی نەزەری و بۆچوونی کۆمەڵە بۆ دارشتنی ستراتیژی سوسیالیستی لە بزووتنەوەی کوردستان.

سێهەم: ئەوە، کونگرەی هەشت نەبوو کە بەرنامەی خودموختاری لە دەور خارج کرد، هەر ئەم جۆرەی کە پێشتر باسمان کرد بەرنامەی خودمختاری هەر بەرلە کونگرەی شەشەمی کۆمەڵە و بە تایبەتیش دوای کونگرەی شەش هیچ جێگا و شوێنێکی لە تەبلیغاتی ئێمە سەبارەت بەچارەسەری مەسەلەی میللی نەما. بەڵام ئەوە عومەری ئیلخانیزادە وهاوفیکرەکانی بوون کە دوای 7 سال تێپەر بوون لە کونگرەی شەش کەوتنە بیری رەخنەگرتن لە بی بەرنامەگی کۆمەڵە بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی.

لێرەدا ئەوەش بڵێین ئەگەر عومەری ئیلخانیزادە و هاوبیرەکانی بۆ یەکەمین جار لە کونگرەی هەشتی کۆمەڵە باس و رەخنەیان لە هەڵوێستەکانی کۆمەڵە سەبارەت بە مەسەلەی میللی لە کوردستان هینایە گۆرێ، بەڵام ئەم باس و رەخنانەیان سێ ساڵ دوای کونگرەی هەشت یانی 10 ساڵ دوای کونگرەی 6 ئاشکرا کرد، سەرەتا لە مەحافل وکۆڕو کۆمەڵەکان دا و دواتریش لە گۆڤاری "افقی" سوسیالیزم دا.

بە سەرنج دان بەو شتانەی کە باسی لیکرا دەر دەکەوێ کە ئیختلاف لەسەر ئەوەنیەکە ئایا گەلاڵەیەك بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی پێویستە یان نا؟ بەڵکو ئیختلاف لەسەر ناوەرۆکی بەرنامەکەیە، کام بەرنامە بەشێوەیەکی راستەقینە مەسەلەی میللی چارەسەر دەکا.

ئەو کات کە عومەری ئیلخانیزادە و هاوبیرەکانی مارکسیست بوون و یا تەرازووی هێز لەناو کۆمەڵەدا بە جۆریك بوو کە هەڵویست گرتن لە روانگەی مارکسیستییان بە قازانج دەزانی، وەها دوو ئاتەشە لە تیروانینەکان و بریارنامەکانی کونگرەی شەشەمی کۆمەڵە دیفاعیان دەکرد، کە پێویستییان بە خاو کردنەوە هەبوو.

عەبدوللای موهتەدی دوو ساڵ دوای کونگرەی شەشەمی کۆمەڵەش هەر لە دیفاع لە تێروانینەکانی ئەم کونگرەیە قەلەمی لیدەدا، ئەو کات نووسی:

دارشتنی دورنمای فەعالییەتی ئیمە لە کوردستان و داهاتووی ئەو، بیشك یەکیك لە مەسەلە گرینگەکانی سەر ریگای حیزبی کۆمۆنیستی ئیرانە. ئەوە هەلبەت کارێکە کە لە ئوسوولیترین لایەنەکانی خۆیدا لە بریارنامەکانی کونگرەی شەشەمی کۆمەڵەدا ئەنجامی گرتوە.... (عەبدوللای موهتەدی. کمونیست ژمارە 51-تیر مانگی 1369)

عەبدوللای موهتەدی هەر ئەو سەردەم لە جەریانی باسەکانی کۆمۆنیسمی کرێکاریدا دەنووسێ:

به بروای من دوو ئاسۆی ئاشکرا له بەرانبەر یەکتردا قەراریان گرتوه. یەك ئاسۆ روونه، لەوەوه بگره کە بەڵگە ئەساسییەکانی لە بریارنامەکانی کونگرەی شەشەمی کۆمەڵەدا هاتوه و یا به بۆنەی دیکەوه رۆشن کراونەوه و داریژراون،... ئاسۆیەکیتر لە راستیدا هەمان ئاسۆی میللی گەرایی سوننەتییه، هەمان ئاسۆ کە پشتی به بزووتنەوەی میللی کوردستان بەستوه... کاتیك چاو لەو ئاسۆیه دەکەین دەبینین کە موئەلیفەکانی ئەسلی ئەو ئاسۆیەش هەر (شەر، دیپلوماسی و چاوەروانییه)"بیانەی عەبدوللای موهتەدی له پلنومی 16ی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران – 1369"

بەڵام چ قەوماوه، چ ئاڵ و گۆرێك و چ فاکتور و موئەلیفەهایەك هاتونه گورێ کە بوون بەهۆی وەرچەرخانی 180 دەرەجەیی عومەری ئیلخانیزاده و عەبدوللای موهتەدی. ئایا جێ گورکەیەك رووی داوه؟ نا دلنیاین جێ گورکەیەك له گورێدا نیه، رابەرانی کۆمەڵەهیچ کات نەچوونه ژێر باری تاوانی میللی گەرایی سوننەتی و ئاسۆی "شەر، دیپلوماسی، چاوەروانی", بەڵام وادیاره کە لە مەیدانی خەباتی سیاسیشدا هەروەك زۆر لە بوارەکانی ژیان تراژدی غەم ئەنگیز روو دەدەن.

ئەو سەردەمه باس و ئیستیدلالەکان نەیانتوانی ئەوه دەرخەن کە کێ خەریکە دیپلوماسی دەکا. 10 سالی خایاند 1379 – 1369 لە ئینشعابی ئەوەل تا ئینشعابی دووهەم، تا راستییەکان دەرکەوتن و ئەمرۆ ئیتر هەموو کەس دەزانێ کە میللی گەرایی سوننەتی و ئاسۆی شەر، دیپلوماسی و چاوەروانی، بەیانی وەزعی حالی کێ دەکا.

بەڵام با بزانین ئەم ئاڵ و گۆرانه کە بوون بەهۆی ئەم وەرچەرخانه چن. چڵونه ئەمرۆ عومەری ئیلخانیزاده و سازمانەکەی دەنگیان دەخنه پاڵ دەنگی بورژوازی کوردو نوێنەری ئەم چینه یانی حیزبی دیموکرات، وه کۆمەڵە بەوه تاوانبار دەکەن کە بەرنامەی بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی نیه.

واقعییەت ئەوەیه کە لێك بڵاو بوونی وڵاتانی ئوروپای رۆژهەلات و هێرشێکی جیهانی بەربڵاو وهەمه لایەنه کە کرایه سەر بەرەی رادیکال وسوسیالیستی، سوسیالیزمی لە هەل و مەرجێکی نوێ قەرار دا. سەرتاسەری دونیای سەرمایه، لە دێموکراسییه بورژوازییەکانەوه بگره تا حکومەتە دیکتاتورییەکان و دەسەلاتدارانی کەللە وشکی سەرمایەی ئیسلامی، هەموو لە بەرەیەکی رانەگەیەندراو بەڵام بە کردەوه هاوئاهەنگ کۆبوونەوه و هەولیان دا تا سیستمی دەولەتی سەرمایەداری حاکم لە ولاتانی ئوروپای

شەرقی وەك سوسیالیزم لە بیروڕای گشتی جیٚ بخەن تا ئاواری رووخانی ئەم سیستمە بەسەر بزووتنەوەی کریٚکاری و بەرەی رادیکالی سوسیالیستیدا بڕووخیٚنن. لەو سەردەمەدا ئیدئۆلوگەکانی بورژوازی لە سەرتاسەری جیهان لەسەر ئەم باوەڕە پییان دادەگرت کە هیٚزە چەپ و کۆمۆنیستەکان تووشی نابەوەختییەکی میژوویی هاتوون و ئەوە راستی ئیفراتی و نئولیبرالیسمە کە لە مەنتیقی سەد دەرسەد بەهرەمەندە و وەڵام دەرەوەی پیویستییەکانی ئەمرۆی کۆمەڵگای بەشەرییە.

دام و دەزگاکانی سەرمایەداری جیهانی هەوڵیان دا تا هەموو روداو و کارەساتە سامناکەکانی وڵاتانی ئوروپای رۆژهەلات بەناوی کۆمۆنیسم لە قەلەم بدەن. لە ئاکامی زەخت و فشاریٚك کە کەوتە سەر بزووتنەوەی سوسیالیستی, زۆر لە رووناکبیرانی مارکسیست لە هەڵویٚستەکانی خۆیان پاشەکشەیان کرد، زۆر لە سازمان و هیزە چەپەکان لە ئاستی جیهان تابلۆکانیان کیٚشا خوارەوە، هەر لە ئاکامی کاردانەوەی ئەم رەوتەدا زۆر لە حیزب و ریکخراوە چەپەکان لە باوەرە سوسیالیستییەکانیان دەستیان کیشایەوە و هەڵویٚستی سوسیال دیموکراتیك و لیبرالییان گرتە پیٚش.

وەرچەرخانی عومەری ئیلخانیزادە و هاوبیرەکانی نەتیجە و ئاکامی دوایین پەس لەرزەکانی ئەو روداوە جیهانییە بوو، رەوتی ئینشعابی لە کۆمەڵە لەژیٚر ناوی موخالیفەت لەگەڵ مانەوەی حیزبی کۆمۆنیست و موخالیفەت لەگەڵ ستراتیژی سوسیالیستی لە بزووتنەوەی کوردستان و بە گرتنە پیٚشی سیاسەتی راست رەوانە لەو بزووتنەوەیەدا لەژیٚر ئالاٚی فیدرالیسم بە رەوتی پشت هەڵکردن لە کۆمۆنیسم و بزووتنەوەی سوسیالیستی پەیوەست بوون. بەڵام رووداوە جیهانییەکان تەنیا هۆکاری ئەم ورەچەرخانە نەبوون، وەریٚ کەوتنی بزووتنەوەی ئیسلاحاتی سیاسی بورژوایی لە ئیٚران یەکیٚکیتر لە هۆکارەکانی پیٚك هاتن و وەرچەرخان بەراستی رەوتی ئینشعابی بوو. بزووتنەوەی ئیسلاحاتی سیاسی بورژوایی لە کوردستان تیٚدەکوشیٚ لە ریٚگای کایەکردن بە مەسەلەی نەتەوایەتی، بزووتنەوەی شۆرشگیرانەی کوردستان کۆنترۆڵ بکات و لە ناوەرۆکی دیموکراتیك، رزگاری خوازانە و رادیکالی خۆی بەتاڵی بکات و بۆ خزمەت بە بەرنامەی گشتی خۆی بۆ داهاتووی ئیٚران کەڵکی لیٚ وەربگریٚ. ئەم سیاسەتە دەیهەویٚ بە جیبەجیٚ کردنی چەند ریفورمیٚکی بچووکی هەنگاو بە هەنگاوی ئیداری و فەرهەنگی، خەباتی خەڵکی کوردستان دامرکیٚنیٚتەوە. بەپیٚی ئەم پرۆژەیە گوایە کۆمەڵگایەکی مەدەنی ئیسلامی لەژیٚر دەسەلاتی دەولەتی ئیسلامیدا خەڵکی کوردستان لە کۆت و بەندی ستەمی

میللی رزگار دەکات. لەناو کۆڕ و کۆمەڵ و مەحافلی کوردی دەرەوەی وڵات کەم نین ئەو کەسانەی کە هیوایان بەستوە بە دمکراتیزە کردنی کۆمەڵگای ئێران لە ئاکامی پێشرەوی بزووتنەوەی ئیسلاحاتی بورژوایی و چارەسەری مەسەلەی میللی لەریگای ریفورم خوازانەوە.

ئەمرۆ زۆر لە رووناکبیرانی کورد لە دەرەوەی وڵات کە بەعزیکیان پلەی خوێندنی ئاکادمیکیشیان تەواو کردوە لەژێر کاردانەوەی بزووتنەوەی ئیسلاحاتی بورژوایی رێگا چارەیەکی لیبرالیستییان بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی گرتۆتە پێش.

ئەوەی کە بزووتنەوەی ئیسلاحاتی بورژوایی رێگایەکی پڕ لە پێچ و خەم تیپەر دەکا و تەوەهوم و خوشباوەری بە ئامانجەکانی ئەم بزووتنەوەیە روو لە هەلوەرینە، و ئەوەی کە فەعالییەت و هەلسوورانی کۆمۆنیستی چەندین سالەی کۆمەڵە، چوونە پێشی نەقشە و پروژەکانی بزووتنەوەی ئیسلاحات لە کوردستانی لەگەڵ تەنگ و چەڵەمە رووبەروو کردوە، یەك زەڕرە لەم واقعییەتە کەم ناکاتەوە، کە رەوتی ئینشعابی لە کۆمەڵە بە دەست کێشانەوە لە ستراتیژی سوسیالیستی لە بزووتنەوەی کوردستان، و چونە ژێر ئالای فیدرالیسم هەوڵیان دا تا خۆیان لەگەڵ ئەم رەوتە رێك بخەن.

بناغەی فیکری رەوتی ئینشعابی لە کۆمەڵە لە ئاستی جیهانیدا خۆ ریکخستنە لەگەڵ شەپۆلی لیبرالیسمی دوای کۆتایی شەری سارد و لە ئاستی ئێران و کوردستانیش هەوڵو تەقەلایە بۆ خۆ ریکخستن لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلاحاتی بورژوایی و نەقشە و پرۆژەکانی لە کوردستان.

عومەری ئیلخانیزادە لە وەڵام بەم پرسیارە کە واتە هۆی سەرەکی جیابوونەوەتان مەسەلەی نەتەوایەتی بووە، بە راپورتی کونگرەی هەشتی کۆمەڵە ئاماژە دەکا و دەڵی: 'لە راپورتێکدا کە بەناوی کومیتەی ناوەندی بۆ کونگرە ئامادە کرابوو، ئاماژە بۆ ئەوە کرابوو کە مەسەلەی نەتەوایەتی، حیزبی خۆی هەیە و حیزبی دیموکرات لە ئێمە باشتری دەکات. مەسەلەی دیموکراسی و مافە دیموکراسییەکان ئەوەش خالی بەهێزی ئێمە نیە، ئێمە بە بەشداریمان لە خەباتی چینایەتیدا ئەو قودرەتەمان لە کوردستان پەیدا کردووە...

من ئەو لیکدانەوەیە بە نادروست دەزانم، بەشداری ئێمە لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا و بەشداری ئێمە لە دێموکراسی لە کوردستان یەکێك لە هەڵوێستەکانی چینایەتی چینی کرێکار و زەحمەتکیشی کوردستان،.. ...."(تایم ژمارە 30- ئوکتوبری 2002"

عومەری ئیلخانیزادە لێرەدا دیسانیش دەست دەداتە چەواشەکاری و باسەکە تەحریف دەکا تا بەڵکوبتوانێ نەتیجەی دلخوازی خۆی لێ وەربگری.

لە راپورتی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بۆ کونگرەی هەشت باس لەوە کراوە کە ریکخراویکی کۆمۆنیستی تەنیا بە ئیعتباری ئەوە کە خەباتی میللی دەکا و لە بزووتنەوەی جەماوەری لەدژی رژیمی مەرکەزی بەشداری دەکا، ناتوانێ لە رەئس و رابەری بزووتنەوەیەك دا قەرار بگرێ. ئەوەی کە ئەمرۆ کۆمەڵەی لە مەوقعییەتی ئیستای لە پەیوەند لەگەڵ بزووتنەوەی کوردستان، چ لە بزووتنەوەی دژی ستەمی میللی و چ لە موبارزەی کرێکاران لە هەموو مەیدانەکانی خەباتی کۆمەڵایەتی قەرار داوە، بەرهەمی پراتیکیکی چینایەتی دیاری کراوە کە بە تەواوی لە جولانەوەی "صرفا" میللی و خودموختاری کوردستان جیایە.

ئەو پاراگرافە زۆر بە روونی ئەوە بە ئێمە دەلێ کە رەوتیکی سوسیالیستی بە ئیعتباری هێنانە مەیدان و پشت بەستن بە پایەی کۆمەڵایەتی خۆی یانی جەماوەری چینی کرێکارو پراتیکی چینایەتییەکەی کە دەتوانێ لە رەئس و رابەری بزووتنەوەی جەماوەری بۆ وەدیهینانی دیموکراسی و لە رابەری بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەلکی کوردستان بۆ رزگاری و لابردنی ستەمی نەتەوایەتی قەرار بگری.

کونگرەی هەشتی کۆمەڵە لەسەر ئەوە تەئکید دەکا کە بزووتنەوەی سوسیالیستی کرێکاری لە کوردستان، بزووتنەوەیەکی سەربەخۆیە کە ستراتیژی و سیاسەت و ئاسۆی روشنی هەیە و وەك بزووتنەوەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی دەتوانێ تەنیا ئالترناتیویکی واقیعی بێ کە پێشرەوی چینی کرێکار بۆ بەدەست هینانی داخوازییە سیاسی و ئابووری و داخوازییە دیموکراتیکەکانی تەزمین بکا.

دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگای کوردستان تابعیکە لە رادەی ریکخراو بوونی بزووتنەوەی کرێکاری. بزوتنەوەی کرێکاری کە لە دەوری ستراتیژیکی سوسیالیستی کۆببیتەوە دەتوانێ هێزی تویژەکانیتری کۆمەڵگا لەخەبات بۆ وەدیهینانی دیموکراسی بەکار بهێنی.

کرێکار و زەحمەتکیش لە دەوری داخوازی ماددی، ئاسۆ و ئامانجەکانی خۆی کۆدەبیتەوە و دێتە مەیدانی خەباتی سیاسی.

**عومەری ئیلخانیزادە ناتوانێ کرێکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان لەژێر ئالای فیدرالیسم بێنێتە مەیدانی خەبات بۆ دابین کردنی دیموکراسی. فیدارلیسم بەرنامەی بورژوازی کوردە بۆ چارەسەر نەکردنی مەسەلەی میللی.**

**عومەری ئیلخانیزادە وسازمانەکەی بە وەلا نانی ستراتیژی سوسیالیستی لە بزووتنەوەی کوردستان و بەرز کردنەوەی ئالای فیدرالیسم کرێکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان دەبەنە ژێر ئالای بورژوازی کورد.**

**عومەری ئیلخانیزادە ناتوانی بە کرێکار، کرێکار کردن و زەحمەتکیش، زەحمەتکیش کردن ئەم راستییە کە بورژوازی کورد قوڵە نوینەریکی لیبرالیشی لە قەوارەی سازمانی زەحمەتکیشان پەیدا کردوە، بشاریتەوە.**

## 7– فیدرالیسمی سوسیالیستی یان فیدرالیسمی سەرمایەداری

**عومەری ئیلخانیزادە لە وەلام بەم پرسیارەی "تایم" کە دەپرسێ، لە چارەسەر کردنی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێران بۆ چی فیدرالیزمتان هەلبژاردووە، ئایا ئەمە کاریگەری بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردستانی عیراق نییە لە سەرتانەوە؟ دەڵێ:**

**"ئیمە لە لیکدانەوەی خۆماندا بۆ فیدرالی پیمان وابووە کە فیدرالی سیستمیکی دێموکراتیە، پێشتر ئەوە بڵێم ئێمە دروشمەکەمان فیدرالی کردنی کوردستان بە تەنیا نیە ئیمە دەڵێین ئیران ولاتیکی فرە نەتەوەییە دەبێت بەشیوەی فیدراتیڤ ئیدارە بکرێت،وبۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە کورستان دروشمی فیدرالیزمان هەلگرتووە، چون کە پیمان وایە ئەمە دیموکرات ترە، حکومەتیکی فیدرال لە کوردستان و ئیرانیکی فیدراتیڤ دەسەلاتی حکومەتی مەرکەزی کەم دەکاتەوە" کە واتە حکومەتی فیدراتیڤی ئیران بریتییە لە هاوبەشی هەموو حکومەتە فیدرالەکان کە لە ئیران دان بە پێی نفوسی کورد و باری ئابووری، نوینەری لە حکومەتی مەرکەزیدا دەبێت، وەزیری دەبێت، لە مەجلیس دا کەسی خۆی دەبێت... لە هەمان کاتدا مەسەلەیەکی ئاساییە کە کاریگەری حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی عیراق لەم بارەیەوە هەبێت. کورد لە رۆژهەلاتی ناوەراست دا یەك مەسەلەی هەیە بەلام حەقە لە بەشە جیاجیاکان دا دروشمەکانیان یەك بخەن ئەمەش لە قازانجی بزووتنەوەی کوردە...**

فیدرالیسم سیستمیكه بۆ بەرێوەبردن و پیكەوە ژیانی نەتەوەكان و فیدرالیسم خۆی سیستمیكی ئابووری نییە، بۆیە دەكری ناوەرۆكی فیدرالیسم سوسیالیستی بێت یان سەرمایەداری بێت بەپێی تەرازوی هیزە چینەكان لە كۆمەڵ دا. (تایم ژمارەی 31 –ئوكتوبری 2002)

هەر ئەو جۆرەی كە لە وەلام بەم پرسیارەدا دەیبینن مەبەستی عومەری ئیلخانیزادە و سازمانەكەی لە سیستمی فیدرالی، ناوەرۆك و ماهییەتی چینایەتی دولەتی مەركەزی نیە" ئەوەی كە بۆ رەوتی ئینشعابی لە كۆمەڵە لە سیستمیكی فیدرالیدا گرینگە پیك هاتەی (ساختار)ی دەولەتی مەركەزییە، ئەوە گرینگە كە دەولەتی مەركەزی چلۆن دەسەلات دابەش دەكا، ئایا هەمووی دەسەلات لە دەست خۆیدا دێلێتەوە یا نە؟ بەشێك لە دەسەلات بەسەر ناوچە جۆراوجۆرەكان دا، یان ئەوەی كە مەبەستی ئەوانە بەسەر نەتەوە جۆراوجۆرەكان دا دابەش دەكا. لەم فیدرالیسمە كە بۆتە پێناسەی سازمانی زەحمەتكیشان ئەوە ناوەرۆك و ماهییەتی چینایەتی دەولەتی مەركەزی نیە كە دیاری دەكا ئەم دەولەتە چەندە دیموكراتیكە، بەڵكو ئەوە شیوەی دابەشكردنی دەسەلاتە كە دیموكراتیك یا غەیرە دیموكراتیك بوونی سیستمەكە دیاری دەكا.

كاتیك كە عومەری ئیلخانیزادە بە شانازییەوە دەلی مەسەلەیەكی ئاساییە كە كاریگەری حیزبە سیاسییەكانی كوردستانی عیراق لەم بارەیەوە (فیدرالیسم) هەبێت، ئیتر هیچ گۆمان و گرێ و گۆلێكی تیدا نیە ئەو فیدرالیسمەی كە لە رووی دەستی هیزە سیاسییەكانی كوردستانی عیراق نووسراوەتەوە فیدرالیسمی سەرمایەدارییە، چونكە ئەو هیزە سیاسییانە خۆیان دەلێن كە كام چەشنە فیدرالیسمییان دەوێ.

بەمجۆرە دەبینن عومەری ئیلخانیزادە و سازمانەكەی لە قسەدا دەلێن ئەوە مافی زەحمەتكیشان و كرێكارانە ریبەرایەتی بزووتنەوەی میللی و نەتەوایەتی كوردستان بكەن بەلام لە واقع دا و بە كردەوە جەماوەری كرێكار و زەحمەتكیش هان دەدا لە جیاتی خەباتی راستەوخۆ بۆ رووخاندنی رژیمی كۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی حكومەتی چینایەتی خۆیان، بكەونە شوین دروشمی فیدرالیسم و ببن بە هیزی پشتیوانی پروژەكانی بورژوازی لە ئیران. عومەری ئیلخانیزادە و سازمانەكەی كرێكاران و زەحمەتكیشانی كوردستان هان دەدەن تا ببن بەهیزی زەخیرەی بورژوازی كورد تا بەڵكو بورژوازی كورد بتوانێ لە سیستمی فیدرالی داهاتوودا نوینەری لە حكومەتی مەركەزیدا هەبێت، وەزیری

هەبێت و چەند کەسی خۆیشی لە مەجلیس دا هەبێت، ئەوانەن ئەو پروژانەی کە قەرارە کرێکار و زەحمەتکیشی کوردستان بە رابەری بزووتنەوەی نەتەوایەتی بگەیەنێ.

بەڵام ئایا بەراستی شیوەی دابەش کردنی دەسەلات لەلایەن دەولەتی مەرکەزییەوە مەسەلەی چینی کرێکارە؟

لە نیزامیك دا کە تێیدا چینی سەرمایەدار، دەسەلاتدارە، فیدرالی بێ یان غەیرە فیدرلی، ئازادی و حورمەتی ئینسانەکانی هەر پێشێل دەکرێ. کێشەی چینی کرێکار و نیزامی سەرمایەداری، کیشە لەسەر جۆری دابەش کردنی دەسەلاتی ئیداری ولات نیە، هەتا فیدرالیسم گۆیا چارەسەری بکات، یان نەیکات، بەڵکو کیشەیەك لەسەر کوتایی هینان بە چەوساندنەوەی ئینسان بەدەستی ئینسان، کوتایی هینان بە کاری کری گرتە، بەرقەرار کردنی خاوەنداریەتی گشتی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەم هینان دا و بە کورتی کوتایی هینان بە دەسەلاتی چینی سەرمایەدار و دامەزراندنی حکوومەتیکی کرێکارییە کە رێگا بەرەو سوسیالیسم و رزگاری یەکجاری ئینسان خۆش دەکات.

تا ئەو جیگایەی بە مەسەلەی نەتەوایەتی لە کوردستانیش دەگەرێتەوە بەپێی گەڵاڵەی فیدرالیسم، ئەرتەشی مەرکەزی بە دەزگاکانی ئەمنییەتیشەوە، پوول و سیاسەت دارشتنی ئابووری و سیاسەتی خارجی هەموویان لە حەوزەی دەسەلاتی دەولەتی مەرکەزیدان و لە دەسەلاتی دوا رۆژی کوردستانیکی فیدرال بەدەرن. فیدرالیستەکان ئیدیعا دەکەن کە بە هینانە گۆری دروشمی فیدرالیسم، گۆیا وەلامی حاکمییەتی میللی واتە دەسەلاتی نەتەوەییان بۆ گەلی کورد داوەتەوە. ئەمە قسەیەکی بیناوەرۆکە، ئەوە چ جۆرە دەسەلاتیکی نەتەوەییە کە لەژێر سیبەری ئەرتەش و دام و دەزگای داپڵۆسینەری دەولەتی مەرکەزیدا دادەمەزرێ و چاو لە دەستی بەرنامەداریژەرانی بورژوازی تارانە کە سیاسەتی ئابووری بۆ دیاری بکەن و هەر کات پیویست بوو، بەزەختی ئابووری لەناو خۆیدا خەفەی بکەن؟ ئەوە چ دەسەلاتیکی نەتەوەییە کە بەهۆی کونترۆلی سیاسەتی خارجییەوە، ریگا نادات هاواری خەفە کراوی میللەتی کورد بە دەرەوەی خۆی بگات و ریگا نادات تەنانەت لەگەڵ ریکخراوە پیشکەوتوو خوازەکان پەیوەندی بگرێت. چارەنووسی حکوومەتی خودگەردانی فەلەستین کە ئەمرۆکە، هەر لە ریگای ئەو سێ ئامرازەوە کە بەدەست دەولەتی ئیسرائیلەوەن دای دەپڵۆسن، ئایا بە ئەندازەی پیویست عیبرەت ئاموز نیە؟ کە وایە عومەری ئیلخانیزادە و سازمانە تازە دامەزراوەکەی کە ریگا چارەی فیدرالی بۆ خەڵکی کورد لە کوردستانی ئیران پیشنیار دەکەن لە راستیدا بە

نیسبەت ئەو مەسەلە دیاری کراوەشەوە یانی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لە ئێران، کە بە روالەت زۆر سینگی خۆیانی بۆ دادەدڕن، راستگو نین.

## 8- تەحریفی مێژوو بۆ پاساو کردنی هەلویستی نوێ

عومەری ئیلخانیزادە لە وەڵامی ئەم پرسیارەی تایم کە دەپرسێ "کەواتە هۆی سەرەکی جیابوونەوەتان مەسەلەی نەتەوایەتی بووە؟" دەڵێ:

"راستە ئەوە مەسەلەیەکی گرنگ بووە؟ مەسەلەی دووهەم دەگەریتەوە بۆ خودی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و قالبی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ئێمە ئەو قالبەمان بە بیناوەرۆك دەزانی، هەموو ئەوانەی کە لەناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا بووین کە خۆم یەکیکم لەوانەی دەنگم بۆ حیزبی کۆمۆنیست داوە ئەو حیزبە دوای حەڤدە سال بومان دەرکەوت ئێمە بچوکترین نفوزمان لە بزووتنەوەی کرێکاری لە دەرەوەی کوردستانی ئیران دا نییە. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە ئەمرۆیشەوە یەك شانەی حیزبی نەبووە لە دەرەوەی کوردستانی ئێران" هەر کەسیش لە هاورییانی کۆنی ئێمە ئەوە بە من نیشان بدات من هەموو قسەکانی قەبوول دەکەم....بۆ چی ئەو حیزبە کاتیك پێك هات بۆ ئەوە بوو کە بێتە نوێنەری هەموو ئێران و کرێکاران و زەحمەتکیشانی ئیران کە چی یەك شانەی حیزبی لە ئیراندا نەبووە."(تایم ژومارە 30- 3ی ئوکتوبری 2002)

بەمجۆرە دەبینین کە عومەری ئیلخانیزادە لە وەڵام دانەوە بەم پرسیارەش بە چەواشەکردنی راستییەکان و تەحریفی مێژوو دەست پیدەکا و ئەمجارە دەست دەداتە تەحریفی مێژووی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. هەڵبەت لیرەدا ئەوش بلێین کە ئەم چەشنە رەفتارە و تەحریفی مێژووی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەمووی لە ئیحساسی ئینتقام وەرگرتنەوەی عومەری ئیلخانیزادە، سەبارەت بەو خەتا سیاسییانەی کە لە رابردوودا کردویەتی، سەرچاوە ناگری، کەم کاری ئێمەشی تیدایە. ئەگەر ئێمە ئەو کەسانەی کە لەناو کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئیران دا ماوینەوە و درێژە بە هەلسورانی خۆمان دەدەین هەموو سەنەد و بەڵگەکانی ئەم حیزبە لەو کاتەوە کە پێك هاتوە تا ئەمرۆ، لەئاستی عەلەنیدا بلاوکەینەوە بەجۆریك کە لە دەسترەسی هەمووان دا بێ نە عومەری ئیلخانیزادەو

نە هیچ کەسیتر ناتوانی ئاوا بە راشکاوی مێژووی ئەم حیزبە لە پیناو ئامانجیك کە ئەمرۆ تەعقیبی دەکەن تەحریف بکا. ئەوە ئەرکیکی گرینگی سەر شانی ئیمەیە کە درەنگ یا زوو دەبی بەجێی بینین.

عومەری ئیلخانیزادە بی ئەوەی کە پێویست بێ مێژووی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران جەعل کا دەتوانی لەگەڵ مانەوەی ئەم حیزبە دژایەتی بکا، بەڵام ئەوەی کە بۆ پاساوکردنی هەلویستی ئەمرۆی دەست دەداتە تەحریفی میژووی ئەم حیزبە، ئەوە تەنیا دەتوانی نەتیجە و ئاکامی بێ ئاسۆیی و سەر لیٚ شێواوییەك بێ کە تێیدا دەست و پێ لیٚ دەدا.

بەڵام ئیستا و لەم دەم و دەستەدا کە سەنەد و بەڵگەنامەکانی سەبارەت بە فەعالییەتو هەلسوورانی تەشکیلاتی نەهینی بە دەستەوە نین، تا مێژووی فەعالییەتی ئەو حیزبە لەناو شارەکان وەرەق لیٚ دەین، با پیکەوە چاویك بخشینین بەسەر ئەم راپۆرت و گوزارشەدا کە عەبدوللای موهتەدی وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی و دەبیر کوللی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە پلنومی $3$ی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران پیشکەشی کردوە.

"لەسەر ئەساسی ئەم سیاسەتە، تەشکیلاتی ئێمە لە دەورەی داهاتوودا دەبوو لە حەوزەکانی شوێنی کار و ژیانی کرێکاران پیك بێ کە بەشیوەی مونفەسل و شانبەشانی لەگەڵ مەرکەزی هیدایەتی حیزبی پەیوەندی دەگرن و بە یارمەتی شەپولی تەبلیغ و تەرویجی حیزب لەرێگای رادیـو و نووسراوەکان، هەموو ئەم حەوزانە یارمەتی دەدەن و بەهێزیان دەکەن.

دەتواندری بوتری کە ئێمە لەم سیاسەتەمان دا کەم و زۆر سەرکەوتوو بووین. بە لە بەرچاوگرتنی ئەوە کە لە بەشیك لەم نەقشەیەدا کە بریتییە لە داپوشینی چەند بەشیکی گرینگی شارەکان و گەرەکە کرێکارییەکانی ئیران بە نەشرییاتی ئێمە، ئێمە بەهۆی گیروگرفتی مالی و هەروەها بەهۆی گورینی شوێنی کومیتەی ناوچەکان لە کوردستان هیشتا سەرکەوتینکی ئەوتومان نەبوە. بەڵام بە لە بەرچاوگرتنی دەوریکی گەورە کە رادیو حیزب لەم دەورەیەدا گێراویەتی و هاوئاهەنگییەك کە کومیتەی ریکخستن لەسەر ئەساسی ئەم سیاسەتە بەرێوەی بردوە، <u>ئێمە لەسەر یەك سەرکەوتوو بووین و هەر ئیستا حیزبی کۆمۆنیست دەتوانی قسە لە تەشکیلاتیکی نەهێنی واقعی لە شارەکانی ئیران و لەنیو کرێکاران بکا.</u>

یەکێك لەو نموونانەی کە دەتوانێ پێشرەفتی ئێمە لەم بابەتەوە نیشان بدا و جێگا و شوێنی ئیستای ئێمە مەحکەم بکا حەجمی ئەو نامانەیە کە دەگەنە حیزبی کۆمۆنیست. (بۆ رادیو، کومیتەی سازماندە، دەستەی نووسەران).

ژمارەی ئەو نامانەی کە لە مانگی سەرماوەزی 1362 تا مانگی سەرماوەزی ئەمسال یانی لە فاسلەی نیوان 2 پلنوم دا تەنیا گەیشتوەتە دەنگی حیزبی کۆمۆنیست زیاترلە 2 هەزار نامەیە. ئەمە تەنیا بەشیك لەو نامانەیە کە بۆمان نێردراوە کە بەشیکی بەرچاو لەو نامانە نەگەیشتوونەتە دەستمان. چوونە سەری ژمارەی نامەکانیش بەرچاوە: لەمانگی سەرماوەزی رابردوودا بەشیوەی ناونجی رۆژانە یەك تا دوو نامە دەگەیشتە رادیو، بەڵام‌لە مانگی سەرماوەزی ئەمساڵدا رادیوی ئێمە هەر رۆژە 10 تا 12 نامەی پی دەگا. باس‌کردن لەم نامانە کە بەدەنگی حیزبی کۆمۆنیست گەیشتوون لێرەدا لەم روانگەیەوە سەرنج راکیش و جێگای گرینگی پیدانە کە کەسانیکی کە لەگەڵ رادیو پەیوەندی مکاتباتی دەگرن، گویگری ئاسایی ئیمە نین بەڵکوو بەشی هەلسووراو و گویگرانی ئیمەن کە خوازیاری پەیوەندی تەشکیلاتی هەر چەند لە سەتحی سادە و سەرەتاییەکەیدا وەك هەواڵنیر کارکردن بۆ حیزبن.

نموونەیەکی عەینیتر کە دەتوانێ گەشەی ئێمە لەم دەورەیەدا نیشان بدا رادەی ئەو هەوالانەیە کە لە بزووتنەوەی کرێکاری پیمان دەگا. لە سەرەتای کاردا ئێمە لە کەمبوونی هەوالی کرێکاری شکایەتمان هەبوو. لە حالیك دا لەم ئاخرانەدا لە دەستەی نووسەران "کمونیست" ئەم باسە هەبوو کە بەهۆی حەجمی زوری ئەو هەوالانەی کە هەمانە و بەشی زوری لاپەرەکانی ئورگانی کۆمۆنیست کە ئەم هەوالانەیان بۆ خۆیان تەرخان کردوە، دەبێ هەر 15 رۆژ جاریك لەسەر ئەساسی هەوالی کرێکاری هەوالی جەماوەری و هەوالەکانی بزووتنەوەی کوردستان، خەبەرنامە یانی پاشکوی خەبەریی کۆمۆنیست بدەینە دەرێ. نەتەنیا حەجمی هەواڵەکانی ئێمە لەگەڵ رابردوو قابیلی هەلسەنگاندن نیە بەڵکوو لە حالی حازردا لەناوچەکان و شوینە جۆراوجۆرەکانی دیکەیشەوە هەوال و گوزارشمان پێ دەگا. ( گوزارشی عەبدوللای موهتەدی بە پلنوی 3ی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران – (کمونیست ژمارە 16) 30ی ریبەندانی 1363)

ئەوە تەنیا گوزارشی لەم چەشنەی عەبدوللای موهتەدی بە پلنوم و کۆبوونەوە حیزبییەکان نەبوو. سەرنج دان بەم گوزارشە، بێپایە و بێ ئەساس بوونی ئیدعای‌عومەری ئیلخانیزادە کە گویا حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە دەرەوەی کوردستانی ئیران یەك شانەی

حیزبی نەبووە بە روونی دەردەخا، و زور کەسیتریش لە دەرەوەی ئێمە کە هیچ قازانج و بەرژەوندیکیان نیە لە تەحریفی مێژووی ئەم حیزبە، واقعییەتەکان هەر ئەم جۆرە کە هەن دەبینن و ئەمرۆ بۆ کۆمەڵانیکی بەرین لە خەڵکی کوردستانیش دەرکەوتووە کە ئەمهەمووە تەحریف و چەواشە کارییە چ ئامانجیک تەعقیب دەکا. لیرەدا ئەوە ریزەکانی سازمانی زەحمەتکیشانن کە دەکەونە ناو گیژاوەی ئەوە کە بە قسە و ئیدعای کام یەك لە رابەرانیان باوەر بکەن.

پیکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران کە وەڵام دانەوە بە پیویستییەکی سیاسی و خەباتکارانەی سەردەمی خۆی بوو، بە پیچەوانەی ئەو ئیدعایانەی کە دەکری، هەر لە سەرەتادا توانی لە تاران و زۆر یەك لەشارە گەورەکانیتری ئیران لە شوینی کار و ژیانی کریکاران تەشکیلات دروست کا و هەلسوورانی سیاسی ریك بخا. بەڵام ئەم پیشرەفتانەش هیچکات ئیمەی نەخستە داوی ئەم تەوەهوم و خۆشباوەرییە کە گویا حیزبیکمان دروست کردوە کە لە بناغەی کریکاری و کۆمەڵایەتی بەهرەمەندە.

حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە دەورانی پاشەکەشەی بزووتنەوەی جەماوەری، پاشەکشەی بزووتنەوەی کریکاری لەئاستی ئیران و دەورانی شکستی شۆرشی ئیران پیکهات، ئەم حیزبە ئەو سەردەم لەگەڵ مەقدووراتی ئەو کات دەگونجا و بەرهەلست کاریك بوو لە بەرانبەر هیرشیکی بەرین کە دژی ئینقلابی بورژوازی خستبویە سەر بەرەی هیزەچەپ و کۆمۆنیستەکان. پیکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران سەرەرای هەموو بایەخ وگرینگییك کە بۆ بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی ئیران هەیبوو، نەبوو بەهۆی ئەوە کە مەحدودییەتەکانی بەرەسمی نەناسرێ. حیزبی کۆمۆنیست بێوچان هەولی دەدا بەسەر ئەو مەحدودییەت و کەم و کورییانەدا زال بێ، بەڵام بە پیچەوانەی ئەوەی کە پیش بینی دەکرا حیزبی کۆمۆنیستی ئیران هیچ کات هەل و مەرج و مەوقعییەتیکی وەك ئینقلابی 1905ی روسیە کە بۆ حیزبی بەلشویکی روسیە هاتە پیش، یا مەوقعییەتی شۆرشی 1357 کە بۆ کۆمەڵە هاتە پێش بۆی نەرەخسا، تا لە هەل و مەرجیکی شۆرشگێرانەدا خۆی تاقی کاتەوە، لەگەڵ نوقتە عەتفەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان خۆی ریك بخا و پایەکانی خۆی مەحکەم کا و بەو مانایە ببیتە هیزی کۆمەڵایەتی لەئاستی سەراسەری ئیران. حیزبی کۆمۆنیستی ئیران نەتەنیا هەل و مەرجیکی وای بۆ نەخوڵقا بەڵکوو تونوتیژ بوونەوەی فەزای پولیسی و خەفەقان، تەعتیل بوونی یەك بە دوای یەکی کارخانە و ناوەندە تەولیدییەکان، بیکار کردنی بەربڵاوی کریکاران، هەل و مەرجی بۆ فەعالییەتی

حیزب لەناو شارەکان دیسانیش دژوارتر کرد. بەڵام ئەو مەوقعییەتە تەنیا تایبەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران، و تەنیا تایبەتمەندی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئیرانیش نیە، ئەمرۆ ئەم دیاردەیە کە بۆ، کۆمۆنیزم لەئاستی جیهان دا لە بزووتنەوەی کرێکاری دابڕاوە و چارەنووسیکی جیاوازی پەیدا کردوە، یەکیك لە تەوەرە هەرە گرینگەکانی جیگای باس و لیکولینەوەی روناکبیران و نەزەرییەپەرداز و ئیدئولوگەکانی مارکسیستییە" ئەمرۆ زۆر لە نەزەرییە پەردازەکانی مارکسیسم لەسەر ئەو باوەرەن کە ئەگەر رفورمیسم لە وڵاتانی ئورووپایی و پیشکەوتووی سەرمایەداری توانیویەتی ژیر پێی رەوتی کۆمۆنیستی خالی کا و کۆمۆنیستەکان نەیانتوانیوە تیکە لاویك لە خەبات بۆ بەدیهینانی ریفورم لەژیان و کاری کرێکاران لەگەڵ ئامانجی شۆرشی کرێکاری پیك بینن و هەر ئەوە خۆی بۆتەهۆیەکی سەرەکی دابرانی کۆمۆنیسم لە بزووتنەوەی کرێکاری، لە وڵاتانی جیهانی سێهەمیش ئەوە وجوودی حکومەتە دیکتاتورییەکان و وجودی خەفەقانی پولیسییە کە بۆتە هۆیەکی سەرەکی دابرانی رەوتی کۆمۆنیستی لە بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە کۆمەلآیەتییەکان. حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لەو قاعیدەیە بەدەر نیە.

تازە حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بەهۆی کۆمەڵەوە کە لە بناغەیەکی کۆمەلآیەتی بەهرەمەندە کە لە بەرئاوەرد لەگەڵ هێزە چەپەکانیتری ئیران لە موقعییەتیکی لەبارتر بەهرەمەندە بۆ پیکهێنانی وەحدەت و یەکپارچەگی لەناو ریزی کۆمۆنیستەکانی ئیران.

بەڵام گیروگرفت و موشکلەی رەوتی ئینشعابی لەگەڵ کرێکاری نەبوون و کۆمەلآیەتی نەبوونی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران نیە. بەڵکو لەگەڵ کۆمۆنیست بوونەکەیەتی. موشکلەی رەوتی ئینشعابی تەنیا لەگەڵ قەوارە و چوارچیوەی تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران نیە، بەڵکو لەگەڵ سوسیالیست بوون و رادیکال بوونی ئەو حزبەیە.

ئەگینا ئەگەر مەسەلە کرێکاری نەبوونی حیزبی کۆمۆنیستی ئیرانە دەبوایە تەجرەبەی حیزبی کۆمۆنیستی ئیرانیش لە چوارچیوەی بزووتنەوەی چەپی ئیران بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە و بەم پرسیارە وەڵام بدرێتەوە کە بۆ تەنانەت رادیکالترین هێزی چەپی ئیرانیش نەیتوانیوە ببێتە زەرفی خەباتی سیاسی و چینایەتی کرێکاران لە ئاستیکی کۆمەلآیەتیدا. بەڵام رەوتی ئینشعابی، کرێکاری نەبوون و کۆمەلآیەتی نەبوونی ئەو حیزبەی کردە بەهانەیەك تا لەژیر ناوی دژایەتی لەگەڵ مانەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران، لەگەڵ بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی بۆ هەمیشە مال ئاوایی بکەن. ئیستا ئیتر دەمیکە وشەی کۆمۆنیست لە ئەدەبیاتی سازمانی ئەم رەوتە پاك بۆتەوە، کادر و ئەندامی ئەم

ڕەوتە بەراشکاوی و بە عەلەنی ڕەخنە دەگرن لەو کەسانەی کە لەناو خۆیاندا بە خەتا وشەی کۆمۆنیست لە نووسراوەکانیاندا بەکار دێنن. ڕەوتی ئینشعابی تەنانەت وشەی کۆمۆنیست لە یادنامەی ئەو هاورێیانەی کە بەشیعاری بژی حیزبی کۆمۆنیست بەرەو پیشوازی مەرگ چوون پاك دەکەنەوە. بەمجۆرەیە کە دەبینین ڕەوتی ئینشعابی کە تا چەند مانگ بەر لە ئینشعابەکەیان لەسەر فەعالییەت کردن لە چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستدا پێ دادەگرن و بۆ قەرار گرتن لە ڕابەرییەکەیدا خۆ کاندید دەکەن، کاتێك کە لە ڕابەری ئەم حیزبەدا جیگا و شوێنێکیان نامێنی، سەرەتا دابڕانی حیزبی کۆمۆنیست لە چینی کرێکار و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکەنە بەهانەی پەنا بردن بۆ دروست کردنی تەشکیلاتێکی مەحەللی و دواتریش خانە تەکانی دەکەن و هەموو فەرهەنگ و سوننەتی کۆمۆنیستی لە خۆیان دادەتەکێنن، و بەمجۆرە ڕەوتی ئینشعابی لە باری مەوقعییەتی عەینی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لەریزی ئەم هێزە ناسیونالیستانەدا قەرار دەگرێ کە هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ پەیوەست بوونی کۆمەڵە بە ڕەوتی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دژایەتییان هەبوو.

عومەری ئیلخانیزادە لە شوێنێکی دیکە هەر لە وەڵام بەو پرسیارەدا دەڵێ:

"حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بە پارە و پوول و چەك و ئیمکاناتی کۆمەڵەوە بەرێوە چووە و یەك تاقە تمەنیش لە حیزبی کۆمۆنیستی ئیرانەوە یارمەتی پیشمەرگەی کۆمەڵە نەدراوە و یارمەتی خەباتی چەکدارانەی کوردستان نەکراوە، یارمەتی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان نەکراوە، حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بە ڕاگەیاندن و ڕادیو و بەخێو کردنی دەفتەری سیاسی و کومیتەی مەرکەزی ئەو کاتیەوە لە کۆمەڵەی وەرگرتووە، ...."(ڕۆژنامەی تایم. ژمارە 30 – 3ی ئوکتوبری 2002)

عومەری ئیلخانیزادە بەم چەشنە وەڵام دانەوەیە، بە تەواوی دەچێتە ناو جەستەی بەقاڵێکی سەری کوچە، و وەك سەهامداری شیرکەتیکی تیجارەتی هەلس و کەوت دەکا. ئەم چەشنە قسەکردنە لە ڕابردووی پەیوەندی نیوان حیزب و کۆمەڵە تەنیا دەتوانی لە قەلەمی کەسیکەوە بێتە سەر کاغەز، کە هیچ کات بۆنێکی لە ڕوح و فەرهەنگی ئەنترناسیونالیستی نەبردوە. عومەری ئیلخانیزادە لەم وتوویژەدا بەشێوەی ئیختیاری، کۆمەڵە و ڕابەری کۆمەڵە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئیران دادەبری و جیای دەکاتەوە.

کاتێك کە حیزبی کۆمۆنیست پێکهات ژمارەیەك لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە موقعییەتی خۆیان لە کۆمەڵەدا دەستیان کێشایەوە و بە شور و شەوقەوە وەك ئەندامی

دەفتەری سیاسی حیزبی کۆمۆنیست یان کومیتەی ناوەندی ئەم حیزبە دەستیان بەکار کرد، هەمیشە ژمارەیەك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزب، دەبیر ئەوەڵ یا لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بوون.

ئەگەر کۆمەڵە وەك جەریانیکی کۆمەڵایەتی بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە کوردستان پشت ئەستور بوو و بەهۆی ئەو مەقعییەتەوە لە ئیعتبار و ئیمکاناتیکی مادی بەهرەمەند بوو کە لەو ئیعتبار و ئیمکاناتە سەمیمانە بۆ گەشەی فەعالییەتی کۆمۆنیستی لەباقی شوێنەکانیتری ئیران کەڵکی وەرگرت، نەتەنیا لەم کارە پەشیمان نیە، بەڵکوو ئەوە یەکیك لەو خاڵە پرشنگدارانەی فەعالییەتی ئەنترناسیونالیستی کۆمەڵەیە کە جیگای تەئکیدە و دەبێ شانازی پیوە بکرێ.

ئێمە دلنیاین ئەگەر فەعالییەت و هەلسوورانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لەئاستی سەراسەریدا گەشەی کردبایە و پەرەی ئەستاندبایە لە ئیعتبار و ئیمکاناتی حیزب لە خزمەت بەهێز کردنی کۆمەڵە و بزووتنەوەی شۆرشگیرانەی خەڵکی کوردستان کەڵك وەردەگیرا. بەڵام ئەگەر بەهۆی فەزای سیاسی حاکم بەسەر ئیراندا حیزبی کۆمۆنیستی ئیران وەها مەوقعییەتیکی بەدەست نەهینا، یا ئەوەی کە دواجار ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە کاتی خۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئیرانیان دامەزراند، لە هەل و مەرجیکی سەخت و دژوار کە بۆ کۆمەڵە هاتە پێش لەو پەری تەزاهور بە رادیکالیسم و ئینقلابی گەری شانیان لەژیر باری مەسئولییەتیکی سەنگین کە کەوتبوە سەر تەشکیلاتی کۆمەڵە خالی کرد و ریزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئیرانیان بەجی هێشت، لەو واقعییەتە کەم ناکاتەوە کە کاتی خۆی هەموو ئەو کەسانە سەمیمانە و لیبراوانە لە پیناو وەدیهینانی ئامانجەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران خەباتیان دەکرد و تەنانەت لەو ریگایەدا گیانیان بەخت کرد.

عومەری ئیلخانیزادە بە بیروبروای تازەی ئەمرۆی لەسەر مەسەلەکان و پەیوەندییەکانی ئەو کاتی نیوان حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە قەزاوەت دەکا.

ئەگەر ئەو قسەی عومەری ئیلخانیزادە کە دەڵی یەك تاقە تمەنیش لە حیزبی کۆمۆنیستی ئیرانەوە یارمەتی پیشمەرگەی کۆمەڵە نەدراوە و دفتەری سیاسیشی هەر کۆمەڵە بەخیوی کردوە، بەرئاوەرد کەین لەگەڵ روحی هاوپشتی و هاوخەباتییەك کە بەسەر کۆنگرەی دامەزرینەری حیزبی کۆمۆنیستی ئیراندا و دواجاریش بەسەر

هەلسووڕانی ڕابەران، کادر و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا زاڵ بوو ئەو کات دەبینین کە ئەم چەشنە قسانە تا چ ڕادەیەک بێبایەخ و حەقیرانەن.

غەیرە مومکینە بتوانی مێژوو فریو دەی و هەڵی خەڵەتینی، سەر ئەنجام مێژوو هەر کەسێک لە جێگا و شوێنی مێژوویی خۆی دادەنێ، عومەری ئیلخانیزادەش لەو حوکمە بەدەر نیە.

**صلاح مازوجی**